# واقع حياة النساء الكرديات في سبعينيات القرن العشرين من منظور صحيفة (الفكر الجديد)

**أ.م.د . فريدون عبدالرحيم عبدالله**
**قسم التاريخ ,كلية الاداب, جامعة صلاح الدين – أربيل , اقليم كوردستان , العراق**
faraydoon.abdullah@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** البيرة الجديدة، الحزب الشيوعي، النساء الكرديات، القمع، المجتمعات الاشتراكية.

**كيفية اقتباس البحث**
عبدالله , فريدون عبدالرحيم , واقع حياة النساء الكرديات في سبعينيات القرن العشرين من منظور صحيفة (الفكر الجديد),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

واقع حياة النساء الكرديات في سبعينيات القرن العشرين من منظور صحيفة (الفكر الجديد)

# The Reality of Kurdish Women's Lives in the Seventies of the Twentieth Century from the Perspective of the 'Biri Nwê' Newspaper

**Dr. Faraydoon Abdulrahim Abdullah**
**Department of History, College of Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq**
**faraydoon.abdullah@su.edu.krd**

**Keywords** : Biri Nwê, Communist Party, Kurdish Women, Oppression, Socialist Societies.

**How To Cite This Article**
Abdullah , Faraydoon Abdulrahim ,The Reality of Kurdish Women's Lives in the Seventies of the Twentieth Century from the Perspective of the 'Biri Nwê' Newspaper ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

الملخص
يتناول هذا البحث واقع ظروف معيشة المرأة الكردية وقضاياها في سبعينيات القرن العشرين من منظور صحيفة "الفكر الجديد"، التي كانت لغة الحزب الشيوعي العراقي آنذاك. وقد حلل البحث مدى اهتمام الصحيفة بقضايا المرأة، وكيف انعكس ذلك في أعدادها، ومدى قدرتها على عكس واقع حياة المرأة وقضاياها.
ومن أهم نتائج الدراسة: نظرًا لكون الصحيفة لغة الحزب الشيوعي، فقد أولت اهتمامًا لقضايا المرأة وعرض ظروف معيشتها، انطلاقًا من أيديولوجية الحزب الماركسية. وتُعد معلومات الصحيفة بالغة الأهمية في تقديم واقع حياة المرأة الكردية في ذلك الوقت.
يتكون هذا البحث من سبعة محاور رئيسية، أولها يتناول النظرة العامة للصحيفة تجاه المرأة، حيث سعت إلى تحليل وجهة نظرها الرئيسية في قضايا المرأة بشكل عام. يتناول الموضوع الثاني وضع المرأة الكردية من وجهة نظر الصحيفة، ويناقش رؤيتها العامة لأوضاع المرأة. ويركز القسم الثالث على آراء الصحيفة وجهودها في معالجة وضع المرأة الكردية في ظل قواعد وعادات المجتمع الكردي. أما الموضوع الرابع، فيناقش قضية عمل المرأة وأجورها في هذه الصحيفة، ويستعرض جهودها في هذا المجال في المناطق الريفية والحضرية. ويتناول الموضوع الخامس الخدمات العامة المذكورة في الصحيفة، بينما يتناول الموضوع السادس المقالات التي نُشرت فيها حول تعليم المرأة الكردية آنذاك. ويركز الموضوع السابع على جوانب أخرى، حيث تُعرض جهود الصحيفة في إبراز قدرات المرأة، بالإضافة إلى مقابلات مع عدد من الشخصيات النسائية البارزة.

**Abstract**

This study explores the reality of living conditions and the situation of Kurdish women in the 1970s from the perspective of the *Biri Nwê* newspaper, which was the publication of the Iraqi Communist Party at that time. It discusses the extent to which, and the perspective from which, this newspaper focused on women's issues, how it reflected these issues in its editions, and the level at which it worked to reveal the realities of women's lives, situations, and problems. Among the most important results of the research were the following: Since the newspaper was the mouthpiece of the Communist Party and, therefore, reflected the party's Marxist ideology, it paid attention to the issue of women and their living conditions, and analyzed, explored, and presented solutions to the realities of women's lives at the time.

This research consists of seven main themes, the first of which is about the newspaper's general view of women, in which it tries to analyze the newspaper's main view of women's issues in general. The second topic is about the situation of Kurdish women in the newspaper's view, which discusses the newspaper's general view of the situation of women. The third section focuses on the newspaper's views and works on the situation of Kurdish women in the shadow of the rules and customs of Kurdish society. In the fourth topic, the issue of work and wages for women in this newspaper is discussed and the newspaper's work on women's work and wages in rural and urban areas is discussed. The fifth topic deals with the public services mentioned in the newspaper, and the sixth topic deals with the articles mentioned in the newspaper about the education of Kurdish women at that time. The seventh topic focuses on several other aspects in which the newspaper's efforts to present women's abilities and interviews with several women personalities are presented.


**واقیعی ژیانی ئافرەتی کورد لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لە روانگەی رۆژنامەی ( بیری نوێ/ الفكر الجديد)**


**د.فەریدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا**

**بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق**

**faraydoon.abdullah@su.edu.krd**



**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی واقیعی دۆخی ژیان و پرسی ئافرەتی کوردە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لە روانگەی رۆژنامەی (بیری نوێ / الفكر الجديد) ، کە زمانحاڵی حیزبی شیوعی عێراق بووە لەو ماوەیەدا، لەم توێژینەوەیەدا بە میتۆدی شیکاریی کار لەسەر ئەوە کراوە، کە ئایا تا چەند و لە چ روانگەیەکەوە ئەم رۆژنامەیە گرنگیی بە بابەتی ئافرەت داوە و لە ژمارەکانیدا ئەم بابەتە چۆن رەنگیداوەتەوە و کارەکانی لەم بارەیەوە لە چ ئاستێکدا بوون بۆ دەرخستنی ژیان و واقیعی دۆخ و پرسی ئافرەت.




**Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10**
**(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)**

لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئەمانە بوون: لەبەرئەوەی رۆژنامەکە زمانحاڵی حیزبی شیوعی بووە، هەربۆیە لە سۆنگەی ئایدۆلۆجیای حیزبەکەوە کە مارکسیی بووە، گرنگیی بە پرسی ئافرەت و دەرخستنی دۆخی ژیانی داوە، لێکدانەوە و شیکاریی و هاوکات خستنەڕووی چارەسەریشی بۆ کردووە، هەروەها زانیارییەکانی رۆژنامەکە گرنگی زۆریان هەیە لە خستنەڕووی واقیعی ژیانی ئەوکاتەی ئافرەتی کورد.

کلیلی وشەکان: بیری نوێ، حیزبی شیوعی، ئافرەتی کورد، چەوساندنەوە، کۆمەڵگە سۆسیالیستییەکان.

## پێشەکی

رۆژنامەی (بیری نوێ / الفكر الجديد) یەکێك بووە لە رۆژنامە چالاکەکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە عێراق و کوردستان، کە زمانحاڵی حیزبی شیوعی عێراق بووە، بە هەردوو زمانی کوردیی و عەرەبیی دەردەچوو. توێژینەوەکەی ئێمە لەسەر ژمارەکانی ساڵانی حەفتاکاندا کاریکردووە، بەو پێیەی لەو ماوەیەدا پەیوەندیی حیزبی شیوعی لەگەڵ حیزبی بەعسی دەسەڵاتداردا تارادەیەك باش بووە، هەربۆیەش ئەم رۆژنامەیە لەو ماوەیەدا زۆر چالاکانە کاری کردووە. ئەم رۆژنامەیە لە روانگەی ئایدۆلۆجیای مارکسییانەی حیزبەکەوە گرنگیی زۆری بە دۆخی ئافرەتی کوردستان داوە و چەندین بابەت و ریپۆرتاژی گرنگیی لەو بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە، کە دەکرێت بایەخی زۆریان هەبێت لە گێڕانەوەی واقیعی ژیانی ئافرەتی کورد لەو ماوەیەدا لە چەند روویەکەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تا ئێستا لە ناوەندە ئەکادیمیی و نائەکادیمییەکانی کوردستان کارێکی لەمجۆرە دەربارەی ئەم رۆژنامەیە ئەنجامنەدراوە، هەربۆیە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بەو مەبەستەیە کە بتوانرێت ئەم کەلێنە پڕ بکرێتەوە.

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بە میتۆدێکی زانستییانە کار لە سەر دەرخستنی گرنکیی ئەم رۆژنامەیە لەو ماوەیەدا لە خستنەڕووی واقیعی ژیانی ئافرەتی کورد بکات، لەم میانەشدا پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: ئایا تا چ رادەیەك ئەم رۆژنامەیە گرنگیی بە دۆخی ئافرەت داوە؟ گرنگیپێدانەکەی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ هۆکارەکانی پشت گرنگیدانی رۆژنامەکە بە ئافرەت چ رەنگدانەوەیەکی لە سەر هەڵبژاردنی بابەتەکان و شیکارییەکان و شێوازی کارەکانی رۆژنامەکەدا هەبووە؟ ئەمانەو چەند پرسیارێکی دیکە لە میانەی توێژینەوەکەدا دەخرێنە ڕوو.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە بە میتۆدی شیکاریی کار لە سەر بابەت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی نێو رۆژنامەکە بکات .

ئەم توێژینەوەیە لە حەوت تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە کە یەکەم تەوەر دەربارەی دیدی گشتی رۆژنامەکەیە بەرانبەر بە ئافرەت، کە تیایدا هەوڵدراوە دیدی سەرەکی رۆژنامەکە بۆ پرسی ئافرەت بە گشتی شیبکرێتەوە. تەوەرەی دووەمیش دەربارەی دوخی ئافرەتی کوردە لە دیدی رۆژنامەکەدا، کە تیایدا باس لە روانینی گشتی رۆژنامەکە بۆ دۆخی ئافرەت کراوە. لە تەوەرەی سێیەمیشدا کارکراوە لەسەر دەرخستنی بۆچوونەکانی رۆژنامەکە و کارەکانی دەربارەی دۆخی ئافرەتی کورد لە سایەی رێسا و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردیی. لە تەوەرەی چوارەمیشدا بابەتی کار و کرێی کار بۆ ئافرەت لەم رۆژنامەیەدا خراوەتە بەر باس و تیایدا باسی کارەکانی رۆژنامەکە دەربارەی کار و کرێی کاری ئافرەت لە لادێ و لە شاردا کراوە. لە تەوەری پێنجەمیشدا باسی خزمەتگوزارییە گشتییەکان کراوە کە لەم رۆژنامەیەدا باسی کراوە. تەوەرەی شەشەمیش دەربارەی ئەو بابەتانەیە کە لە رۆژنامەکەدا دەربارەی خوێندنی ئافرەتی کورد لەو کاتەدا باس کراوە. تەوەری حەوتەمیش گرنگیدان بە چەند لایەنێکی دیکەیە کە تیایدا هەوڵەکانی رۆژنامەکە بۆ خستنەڕووی تواناکانی ئافرەت و چاوپێکەوتەکانی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ئافرەت خراونەتەڕوو.

### یەکەم : دیدی گشتی رۆژنامەکە بۆ ئافرەت

(بیری نویٚ / الفكر الجديد) یەكێكە لەو ڕۆژنامانەی لە حەفتاكانی سەدەی بیستەمدا لە بەغدا دەرچووە، كە ڕۆژنامەیەكی ڕۆشنبیریی گشتی بووە و وەكو زمانحاڵی حیزبی شیوعی عێراق هەفتەی جارێك لە شاری بەغدا دەركراوە، یەكەم ژمارەی لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢ دەرچووە، فەخری كەریم زەنگەنە خاوەنی ئیمتیاز و حوسێن قاسم عەزیز سەرنووسەری بووە (خەزنەدار، ١٩٧٣ :١٢٧). ئەم ڕۆژنامەیە بە سێ قۆناغ دەرچووە، قۆناغی یەكەمی كە ئێمە كارمان لەسەر كردووە لە ساڵی ١٩٧٢ تا ساڵی ١٩٧٩ بووە، دوای ئەوە لە ئەنجامی تێكچوونی پەیوەندیی نێوان حیزبی شیوعی و حیزبی بەعسی فەرمانڕەوادا كادیرانی حیزبی شیوعی كەوتنە بەر شاڵاوی توندی ڕاوەدوونان و گرتن، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٩ دا ڕۆژنامەكە بە ناچاری وەستا، تا ئەو كاتەی جارێكی دیكە لە كوردستان و لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا لە سەرەتاكانی ساڵی ١٩٨٥ دەستپێكردەوە تا كاتی شاڵاوەكانی ئەنفال لە ساڵی 1988 نزیكەی ١٥ ژمارەی لێدەرچوو، قۆناغی دوای ئەوەش لە دوای ڕاپەڕین و لە ساڵی ١٩٩٢ دا دەستپێكردەوە (خەزنەدار، ٢٠١٨: ٩٦-١٠٠) .

لە ڕاستیدا هەروەكو ئاماژەی پێدرا ئەم كارەی ئێمە لەسەر قۆناغی یەكەمی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە كە زیاتر لە ٢٣٠ ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە (خەزنەدار، ٢٠١٨: ٩٦-١٠٠) ، كە ماوەی دەسەڵاتی حیزبی بەعس بووە لە بەغدا، بەو پێیەی لەو ماوەیەدا حیزبی شیوعی عێراق لەگەڵ حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستی فەرمانڕەوادا لە نێو بەرەیەكدا بوون بە ناوی (بەرەی نیشتیمانیی و نەتەوەیی پێشكەوتنخواز)، كە لە ١٧ ی تەموزی ١٩٧٣ دا لە نێوان هەردوو حیزب پێكهێنرابوو (الخرسان، ٢٠٠١، ص١٤٥)، بۆیە لەو ماوەیەدا ئەم ڕۆژنامەیە ڕێگا پێدراو بوو و زۆربەی كارەكانیشی هەرچەندە خستنەڕووی دۆخی خراپی كۆمەڵگە بوو، بەڵام هاوكاتی بەشێك بوون لە پێداهەڵدان بە دەسەڵات و كارەكانی لەو ماوەیەدا، بابەتی ئافرەت و پرسی ئافرەت بەشێكی كارەكانی ئەم ڕۆژنامەیەی گرتووە و لە ڕوانگەیەكی تایبەتەوە كاری لەسەر كراوە .

بەوپێیەی وەكو باسكرا ئەم ڕۆژنامەیە لە لایەن حیزبی شیوعی عێراقەوە دەردەكرا و بابەتەكانی بە شێوەیەكی گشتی لە چوارچێوەی دید و تێڕوانین و ئایدیۆلۆجیای ئەو حزبەدا بوون، بۆیە لە چەند بابەتێكی ئەم ڕۆژنامەیەدا دیدی سەرەكی ئەوان لە بارەی ئافرەتەوە خراونەتە ڕوو ، كە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی سیاسیی و ئایدۆلۆجی پارتەكەیە و بە تەواوی لە تێڕوانینێكی ماركسیی لینینیی بۆ پرسەكە، سەرچاوەیان گرتووە، ئەوەی لەو بابەتانەدا دەردەكەوێت ئافرەت لای ئەوان وەكو بەشێكی گرنگ لە خەباتی چینایەتیی و هاوكات نیشتیمانیی تەماشا كراوە، هەر بۆیە لە ڕۆژنامەكەدا هاتووە تەنها پشتیوانیی دەسەڵاتی نیشتیمانیی پێشكەوتنخواز و جێگیركردنی بەرەی نیشتیمانیی پێشكەوتنخواز و پتەوكردنی پێگەی و سەرخستنی پرۆسەی گەشەی كۆمەڵایەتیی و ئابوریی پێویستی بە ڕزگاریی ئافرەت نییە، بەڵكو ئەوان وەكو حیزب بابەتەكە لەوەش قوڵتر دەبینن و پێیانوایە، كە بەشداریی ئەوانیش وەكو حیزبێكی نێونەتەوەیی لە پرۆسێسی شۆڕشگێڕانەی جیهانیی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم پێویستی بە هاتنە مەیدانی ئافرەتە، چونكە ئەو پرۆسەیە پێویستی بە تەقینەوەی سەرجەم وزەكانی كۆمەڵگەیە، كە ئافرەت نیوە پەكخراوەكەیەتی و دەبێت بخرێتە نێو جەنگی بینا و دامەزراندن و گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان، بۆئەوەی پشكداربن لە پرۆسەی شۆڕشگێڕانەی جیهانیی و چالاكییەكانی پشتیوانیكردن ، تاكو بزاڤی ئاشتی جیهانیی گشتگیرتر و جدیتر بێت (بیری نویٚ / الفكر الجديد، ژ ١٥٧ ، ١٩٧٥/٩/١٢ :١٤) .

بەپێی دیدی ڕۆژنامەكە ئەم پرۆسێسی شۆڕشگێڕانە جیهانییە، كە كەمترین پێداویستییەكانی وەرچەرخانە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم، پێویستی بە ڕزگاركردنی ئافرەت و تەقینەوەی تەواوی تواناكانییەتی، ئەویش دوای ئامادەكردن و فێركردن و خستنیە نێو پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە (بیری نویٚ / الفكر الجديد، ژ١٥٧ ، ١٩٧٥/٩/١٢ :١٤) .

ئەم ڕۆژنامەیە وەكو زمانحاڵی حیزبی شیوعی، دیدی گشتی بۆ ڕزگاریی ئافرەت وایە كە پێداویستییەكانی ڕزگاریی و پێشكەوتن و گەشەكردن پێویستی بە دوورخستنەوەی یاساو نەریتە كۆنەكانە، كە نەوەكانی

پێشووتر بۆ چەوساندنەوەی ئافرەت وەگەڕیان خستووە بە مەبەستی دەستدرێژیکردنە سەری و ملکەچکردنی و پەکخستنی تواناکانی و پەرتکردنی هزریان و نەزانکردنیان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، هەربۆیە بە لای ئەوانەوە گەشەکردنە مادییەکان کە بواری زیاتر بۆ وەرچەرخانە ئابوریی و کۆمەڵایەتییەکان دەڕەخسێنن راستەوخۆ رووبەرووی ئەم واقعە دەبنەوە و زیاتر دەریدەخەن کە رزگاری ئافرەت چەندە گرنگە لەم نێوەندە و چەندە گرنگە لە گەڵ پیاودا یەکسان بن لە سەرجەم بوارەکاندا. هەر لێرەشەوە دێنە سەر کرۆکی تێروانینی خۆیان بۆ پرسی ئافرەت و دۆخەکەی. لەم نێوەندەشدا لە بەر ئەوەی ئەوان لەو کاتەدا تەواو لە ژێر باری وڵاتە کۆمۆنیستییەکانی چوارچێوەی یەکێتی سۆڤییەتدا بوون، بۆیە پێیانوایە هەڵگرانی بیروباوەڕی مارکسیی – لینینی گرنگییەکی زۆریان بە پرسی رزگاری ئافرەت داوە، هەر لە ژێر کاریگەریی ئەو تێڕوانینەشدا وایدەبینن ، کە رادەی گەشەسەندوویی کۆمەڵگەکان بە رادەی ئەو ئازادییانە دەپێورێت کە بە ژنانیان داوە، هەربۆیە لە کاتی بەراوردکردنی کۆمەڵگەی کوردەواریی بەو کۆمەڵگەیانەوە سەرەنجی هەرە سەرەکی ئەوان بۆ چارسەرکردنی دۆخی ئافرەتی کورد، خۆی لە گۆڕانکاری لە تێڕوانینی گشتی کۆمەڵگە و دەسەڵات بۆ ئافرت و مافەکانی دەبینێتەوە و بە لای ئەوانەوە گرنگە چاو بە یاسای باری کەسییدا بخشێندرێتەوەو بەپێی گونجان لەگەڵ پێداویستییەکانی گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا لە چوارچێوەی واقیعی ئێستادا دابڕێژرێتەوە (بیری نوێ / الفكر الجديد، ژ ١٥٧ ، ١٩٧٥/٩/١٢ :١٤) .

هەر لە روانگەی ئایدۆلۆجیای سۆسیالیستییەوە ئەوان پێیانوایە ئافرەت لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکاندا، لە لایەن پیاوانەوە سووکایەتییان پێدەکرێت و دەستدرێژییان کراوەتەسەر و چەوساوەن، بە هۆی ئەوەی پیاوان دەستیان بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا گرتووە، بەمەش پیاو پێگەیەکی پێشەنگی گرتووە و ئافرەتی کۆنترۆڵ کردووە و لە خوار خۆیەوە دەیبینێت، لەو کۆمەڵگەیانەدا تەنانەت پیاوانیش بەشێکیان لە لایەن بەشێکی دیکەیانەوە چەوساوەن، چونکە تەواوی یاساکان و نەریتەکان لە خزمەتی ئەمجۆرە باڵادەستییەدان ، بەڵام لە بەرانبەردا وایدەبینن، کە لە کۆمەڵگە سۆسیالیستییەکاندا ئافرەت تەواوی مافی بەدەستهێناوە و لەگەڵ پیاودا یەکسان بووە لە سەرجەم بوارەکانی ژیان و لە سەرجەم ئاستەکانی زانستیی، سیاسیی، هونەریی، ئەویش دوای ئەوەی بەسەر چەوسانەوە و نایەکسانییدا زاڵبوون و دوای وەلانانی هەموو ئەوانەی بانگەشەبوون بۆ چەوسانەوەوە و جیاکاریی رەگەزیی لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و بیرۆکە و یاساکانی پێشوودا (بیری نوێ / الفكر الجديد، ژ١٥٧ ، ١٩٧٥/٩/١٢ :١٤) .

ئەو کاریگەربوونەی ئەوان بە دونیای سۆسیالیستیی، وایکردووە ئەم رۆژنامەیە لە بارەی پرسی ئافرەت و دۆخەکەیەوە هەروەکو تەواوی جومگەکانی دیکەی ژیانی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی، گەڕاوەتەوە بۆ ئەو ئەزموونانەی لە وڵاتە سۆسیالیستەکانی ئەو کاتەی خولگەی سۆڤییەتدا پیادەکراون، هەوڵیداوە ئەوە دەربخات کە چۆن سۆسیالیزم لەو وڵاتانەدا توانیویەتی ئافرەت لە جەور و چەوسانەوەی کۆمەڵایەتیی رزگار بکات، لەم رووەشەوە لە یەکێک لە بابەتەکانی رۆژنامەکەدا هاتووە: ئەوەی لە بواری کرداریدا روونبۆتەوە ئەوەیە کە تاکە رێگە بۆ ئەوەی ئافرەت مافی تەواو بەدەستبهێنێت لە ئازادیی ئابوورییدا و بەشداریکردنی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی، یەکسانبوونیەتی لەگەڵ پیاودا لە سەرجەم بوارەکاندا، ئەویش لە رێگەی فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی رزگاریی و یەکسانی لە پاڵ هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵایەتیی و فیکریی بە مەبەستی دروستکردنی تێگەیشتنی باش بۆ کۆمەڵگەیەک ، کە باوەڕی بە یەکسانیی هەبێت (بیری نوێ / الفكر الجديد، ژ ١٥٧ ١٩٧٥/٩/١٢ :١٤) .

هەر لەم رووەشەوە لە بابەتێکی دیکەی یەکێک لە ژمارەکانی رۆژنامەکەدا دەڵێت: شۆڕشی ئۆکتۆبەر کارێکی زۆری کردە سەر رێرەوی مرۆڤایەتی، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە نەهێشت و بە تەواوی دانینا بە مافی بنەڕەتیی ئافرەت لە یەکسانییدا.

له بابەتەکەدا هاتووە، کە لینین دەڵێت: یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لە یاساکاندا دارێژراوەو هەوڵێکی جدی دەدرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم یەکسانییە، ئێمە ئافرەت دەنێرین بۆ ئەوەی لە نێو ئابوریی سۆڤیەت و یاسادانان و کاروباری حکومەتدا کار بکەن، ئێمە دەرگای بەشداریکردنیان لە خوێندن واڵا دەکەین، بۆ ئەوەی ئاستی پیشەیی و کۆمەڵایەتییان بەرزبێتەوە، بە کورتی ئێمە هەوڵدەدەین ئافرەت لە کۆیلایەتی کۆنی خێزان و پاشکۆیەتی پیاو رزگار بکەین.

هەر بۆیە نووسەری بابەتەکە دەڵێت: بەمجۆرە سۆڤیەت هەوڵدەدات بۆ قەڵاچۆکردنی پاشماوەکانی نایەکسانیی ئافرەت، لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووشدا ئەوان لە پێناو جووڵانەوەی ئافرەتان دژی دواکەوتن تێدەکۆشن و لە پرۆسەی بوژاندنەوەی بەرهەمهێنانی نیشتیمانیی و بەربەرەکانێی نەخوێندەواریی چالاکانە بەشدارن، بۆ ئەمەش پشت بەو هاوکارییانە دەبەستن کە لە لایەن یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستییەوە پێشکەشی ئەم وڵاتانە دەکرێت (بیری نوێ / الفكر الجديد ، ژ ٢٦٥ ١١/٥/ ١٩٧٧).

هەر لەو ژمارەیەدا لە بابەتێکدا بە ناوونیشانی ( المرأة في ظل الاشتراكية ... الحرية والمساوات )، باسی ئەوە دەکات، کە لەو کاتەوەی چینایەتیی دەرکەوتووە ئافرەت بە مرۆڤی پلە دوو ئەژمار دەکرێت و لە مافەکانی بێبەشکراوە لە خێزان و کۆمەڵ، تا ئەو کاتەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ هەڵگیرساوە کە وەرچەرخانێکی ریشەیی لە سایکۆلۆجیای مرۆڤایەتییدا دروستکرد، بەوەی تێڕوانینە کۆنەکانی بۆ دۆخی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا گۆڕی، ئەوان وەکو بەشێک لە خەباتی چینایەتیی خەباتیان بۆ ئافرەت کردووە لە دژی کۆنەپەرستی و داب و نەریتە کۆنەکان. لە درێژەی بابەتەکەشدا هاتووە: لە یەکێتیی سۆڤیەت دایکایەتیی ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە، یاسا ناهێڵێت ئیدارە ژن لە کاردا قبوڵ نەکات، یان لەکارخستنیان بۆ بکات، یان بە هۆکاری دووگیانیی و چاودێریی منداڵ کرێیان کەم بکاتەوە، یاسا ناچاریان دەکات دایک لە کاتی دووگیانییدا بگواسترێتەوە بۆ کارێکی ئاسانتر و ناوەندی بەرهەمهێنانی کەمبکرێتەوە (بیری نوێ / الفكر الجديد ، ژ ٢٦٥ ، ١١/٥/ ١٩٧٧).

**دووەم: دۆخی ئافرەتی کورد لە دیدی رۆژنامەکەدا**

لە تەوەری پێشوودا روونبووەوە ، سیاسەت و دیدی سەرەکی رۆژنامەکە لەسەر بنەمای مارکسییانە بنیاتنرابوو و هەر لەو گۆشەنیگایەشەوە دەیڕوانییە ئافرەت و مافەکانی، هەربۆیە لەو سۆنگەیەشەوە هەوڵیانداوە باس لە دۆخی ئافرەتانی عێراق بە گشتی و کوردستانیش بە تایبەتی بکەن و راڤەی هۆکارەکانی ئەو دۆخە و دواتریش خستنەڕووی چارەسەرەکانیان بکەن. بە تێڕوانینی ئەوان بۆ مافەکانی ئافرەت و بەراوردکارییان لەگەڵ ئافرەتانی وڵاتانی چوارچێوەی سۆڤییەتدا، تەواوی ئافرەتی عێراق لە نێویشیاندا ئافرەتی کورد لە کێشەی قوڵدا بوون، لە نێو ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە باوەدا، هەروەها لە ژێر سایەی یاسا وریسا و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا، هۆکارەکانی ئەم دۆخەشیان بە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانییەوە بەستۆتەوە، ئەوان وایان بینیوە کێشەی ئافرەتی عێراق وابەستەیە بەو پەیوەندییە ئابوریی و کۆمەڵایەتییانەوە کە لە وڵاتدا باڵادەستن، هاوکات پێیانوایە کێشەکە وابەستەی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەشە کە بەسەر جیهاندا هاتوون، بەو پێیەی ئافرەتی عێراقیش بەشێکی دانەبڕاوە لە ئافرەتانی جیهان.

بابەتەکانی رۆژنامەکە هەر لەسەر بنەمای تێڕوانینە سۆسیالیستییەکەی خۆیانەوە، چارەسەرکردنی ئەو دۆخەیان بەستۆتەوە بە پیادەکردنی سیستەمێکی سۆسیالیستی لە وڵاتدا، لەم رووەشەوە لە یەکێک لە بابەتەکانی رۆژنامەکەدا هاتووە: "پێویستە ئاسۆی چارەسەرییەکانی پرسی ئافرەتی عێراق لە چوارچێوەی کۆڵینەوە لە بناغە مادییەکانی کە بوونەتە هۆکاری گەشەسەندنی پێگەی ئافرەت لە جیهاندا، لە رێگەی پرۆسەی گەشەسەندنی شێوازی بەرهەمهێنانەوە بدۆزرێنەوە، کە لەو رێگەیەوە ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییە رووندەبێتەوە، دەربارەی پرۆسەی گەشەسەندنی شێوازی بەرهەمهێنانی پشتبەستوو بە چەوسانەوە لە نێوان نزمی دۆخی ئافرەت و موڵکایەتیی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پەرەسەندنی چەوسانەوەی چینایەتی بە سەرجەم جۆرەکانییەوە" (بیری نوێ / الفکر الجدید، ژ ١٥٧ ، ١٩٧٥/٩/١٢ :١٤).

لە بابەتەکانی رۆژنامەکەدا روونەبێتەوە ، کە ئەوان هەموو دۆخەکەیان لە روانگەی ئەو هەنگاوانەوە خوێندۆتەوە، کە ئەوکات لە یەکێتیی سۆڤیەتدا لە ئارادا بووە، لە بابەتێکی رۆژنامەکەدا باس لەو کارانە کراوە، کە لەو وڵاتانەدا بۆ ئافرەت کراون، کە لە بابەتێکدا هاتووە: لە ناوچەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، دەزگای تایبەت بە چاودێری دایک ومنداڵ هەروەها نووسینگەی راوێژکاریی ئافرەتان هەن، کە لە ١٠ هەزار نووسینگە زیاترن و نزیکەی ١٢ هەزار نەخۆشخانە و ناوەندی توێژینەوەی زانستی هەن، لەوێ نزیکەی ١٢ ملیون منداڵ لە دایەنگەکاندان، تەنانەت لە گوندەکانیشدا ناوەندی دایەنگە هەن کە دایکان لە کێڵگە کاردەکەن و ئەوانەی لەو دایەنگەیانەدان نزیکەی ٥ ملیۆن منداڵن (بیری نوێ/ الفکر الجدید ، ژ ٢٦٠ ، ١٩٧٧/١٠/١ :١٢) بەمە دەردەکەوێت، کە ئەو بابەتانەی لە رۆژنامەکەدا وروژێنراون، تا رادەیەکی زۆر هەوڵدان بووە بۆ بەراوردکردن لەگەڵ دۆخی ئافرەت لە هەرێمەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، هەر بۆیە بابەتەکان لە هەمان خولگەدا خولاونەتەوە، بۆ نموونە بابەتەکانی ئافرەتی لادێ و کشتوکاڵکردن لە چەمچەماڵ و لە نێو ئێزیدییەکانی بەعشیقە هاوکات ئافرەتی شار و کرێکاریی، کە جگە لەوەی لە ناوونیشانەوە دەردەکەوێت هاوکات کاتێك لە پرسیار و بەدواداچوونەکانیشیان ورد دەبییەوە هەر بەپێی ئەو تێڕوانینە لە چوارچێوەی دۆخی کۆمەڵایەتیی، نایەکسانیی، کار و کرێی کار، دواجار خزمەتگوزارییەکانی وەکو دایەنگە و خوێندن و لایەنی تەندروستی بوون، کە لە هەندێ بابەتدا و دواجار هەر بەو پێیەش پێشنیاری چارەسەریان کردووە کە لەو وڵاتانەدا کراون. بۆ ئەم مەبەستەش لە بەشی زۆری بابەتەکاندا ئاماژەیان پێکردووە، کە ئەوان هەوڵیانداوە لە کێشەکان بکۆڵنەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنیان، لە پێناو بەشداریکردنی ئافرەت لە پرۆسەی گەشەی ئابوری و وەرچەرخانی پێشکەوتنخوازانە کە لە وڵاتدا بەڕێوەدەچن لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا، جەختیش لەوە دەکەنەوە، کە پێویستە واقیعی ئافرەت لە سەرجەم لایەنەکانەوە بکۆڵدرێتەوە و چارەسەری ریشەیی بۆ بدۆزرێتەوە (بیری نوێ / الفکر الجدید ، ژ ١٧٩، ١٩٧٦/٣/٢١ :٩). هەر لە بابەتەکانی نێو ئەو رۆژنامەیەدا کە لە بارەی ئافرەتەوە نووسراون لە روانگەی تێڕوانینە مارکسییەوە بۆ ئافرەت ناوونیشانەکان دانراون، هاوکات پرسیارە وروژێندراوەکان و چارەسەرەکانیش کە خراونەتەڕوو هەر لەسەر هەمان بنەما ئەنجامدراون، کە هەوڵدەدین هەندێك لەو بابەتانە بخەینەڕوو.

**سێیەم: دۆخی گشتی ئافرەت لە چوارچێوەی رێساکانی کۆمەڵگەی کوردییدا**

هەروەکو لە سەرەوە باسکرا، یەکێك لەو لایەنانەی کە لە کارەکانی رۆژنامەکەدا دەربارەی ئافرەت و کارەکانیان بابەتی بنەڕەتیی بووە، بریتی بووە لە واقیعی کۆمەڵایەتیی و نەریت و یاسا و رێساکانی، کە ئەوان پێیانوابوو ئەو لایەنانە دواکەوتوون و لەو ئاستەدا نین مافەکانی ئافرەت فەراهەم بکەن و پێویستە گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، بۆیە لە زۆربەی ئەو ریپۆرتاژانەی لە بارەی ئافرەتی لادێکانی کوردستانەوە کردوویانە، هەوڵیانداوە لە چوارچێوەی ئەو تێڕوانینە گشتییەی خۆیانەوە دۆخی کۆمەڵایەتیی ئافرەتی ئەو ناوچەیە بخەنەڕوو و شیکاریی و راڤەکاریی بۆ پرسی ئافرەت بکەن، بۆ نموونە لە یەکێك لە بابەتەکانی رۆژنامەکەدا رێپۆرتاژێک لە بارەی ئافرەتی ئێزیدییەوە ئەنجامدراوە، لەم بابەتەدا سەرەتا دۆخی گشتی ئەو کۆمەڵەی خستۆتەڕوو، پاشان باسی پۆلێنی چینایەتییان دەکات بەپێی ئاستی ئایینی سەرۆکەکان، شێخەکان، قوال و توێژی گشتی و پەیوەندییەکانی نێوانیان و شێوازی هاوسەرگیرییان، لە ئەنجامیشدا دەڵێت: ئەمەش رادەی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیی دەردەخات کە دەرەبەگەکان و حکومەتە کۆنەپەرستەکان و ستەمی ئاغاکان چەسپاندوویانە.

هەر لە ریپۆرتاژەکەدا هاتووە: ئافرەتی ئێزیدیی وەکو خوشکە کوردەکانی دیکەی و بە شێوەیەکی خراپتر بەدەست کاریگەریی داب و نەریتەکان و رەفتاری ئاغاو دەرەبەگەکانەوە دەناڵێنێت(بیری نوێ/ الفکر الجدید ، ژ ١٥٨ ، ١٩٧٥/٩/٢٠ :١٤).

که لێرەدا ئەوان بە دیدێکی مارکسیانەوە راڤەیەکی مێژوویی بۆ دۆخی ئافرەتانی ئێزیدیی دەکەن و دەیبەستنەوە بەو واقیعە ئابوریی وکۆمەڵایەتییەی هەبووە، لەوێشدا باس لەوە دەکات کە ئەوان هەرچەندە وەکو تەواوی ئافرەتی کوردستان لە دۆخێکی خراپدان، بەڵام ئەو واقیعە ئایینی و کۆمەڵایەتییە تایبەتەی هەیانبووە دۆخی ئەوانی خراپتر کردووە.

لە بابەتێکی دیکەی هاوشێوەدا، کە ریپۆرتاژێکی شیکارییانەیە دەربارەی ئافرەتی لادێکانی چەمچەماڵ، دەڵێت: دۆخی ئافرەتانی چەمچەماڵیش هەروەکو لادێکانی دیکەی وڵاتەکەمان خراپە و جیاوازییەکی وەهای نییە ئەوانیش بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیی دەکەن و هاوشانی پیاو لە کێڵگەکاندا کار دەکەن، لەوانە ئامادەکردنی بەروبوومی شیرەمەنیی و بەخێوکردنی پەلەوەر، بەڵام سەرەڕای ئەو بەشدارییەشی لە بەروبوومی کشتوکاڵیی، کەچی بێبەشە لە گرێبەست لەگەڵ فەرمانگەکانی چاکسازیی کشتوکاڵییدا و دابەشکردنی زەوی نایگرێتەوە و لەم دەستکەوتە بێبەشە، هەروەها دواکەوتوویی ناوچەکە لە رووی کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیرییەوە رەنگدانەوەی روونی هەیە بەسەر پەیوەندییە خێزانیی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە، بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە هاوسەرگیرییەوە، کە ئافرەت لەم ناوچەیە دووچاری جەور و ستەم و ئازاری زۆر دەبێتەوە و بە هیچ شێوەیەک بۆی نییە هاوبەشی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت، ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خێزانەکەی و کەسوکاریشی بکات، ئەوا چارەنووسی رەش چاوەڕێی دەکات، کە تا کوشتنی دەڕوات ، لێرەشەوە جارێکی دیکە دەچێتەوە سەر نەریتی باو و پێیوایە داب و نەریت لەم ناوچەیە وەکو یاسای پیرۆز کاریان پێدەکرێت لە بارەی پرسەکانی هاوسەرگیریی و تۆڵەسەندنەوە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات ، کە هاوسەرگیریی زیاتر لە یەک ئافرەت تا ئێستاش لەم ناوچەیە دیاردەیە (بیری نوێ / الفكر الجديد، ژ ١٧٩ ، ١٩٧٦/٣/٢١)، لە راستیدا هەرچەندە ئەوان لە روانگەی دیدی خۆیانەوە راڤەکاریان کردووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەشێکی گرنگی واقیعی ژیانی ئافرەتی ناوچەکە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لەو سەردەمەدا روون دەکەنەوە .

## چوارەم : کار و کرێی کار بۆ ئافرەت

### ا. کاری لادێ

بەو پێیەی کە رۆژنامەکە لە دیدی گشتییاندا، باوەڕیان وابووە کاری ئافرەت و هاتنە مەیدانی لە بواری بەرهەمهێناندا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پێشکەوتنی ژیانی ئافرەت و رزگاربوون لە کۆت و بەندە باوەکانی کۆمەڵگە کلاسیکەکان، هاوکاتیش بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەیان زۆر پەنایان بردۆتە بەر ئەزموونی وڵاتە سۆسیالیستەکان لەم رووەوە، بۆیە لە ژێر کاریگەریی ئەو پرسانەی لە وڵاتانی سۆسیالیستی بۆ کاری ئافرەت هاتبوونە پێش، هەوڵیانداوە کێشەی ئافرەتی کوردیش لەم بارەیەوە هەڵبسەنگێنن، لەم رووەشەوە کارکردنی ئافرەت و کرێی کارەکەی یەکێکی دیکە بووە لەو پرسانەی زۆر کاریان لەسەر کردووە، بۆ نموونە لە یەکێک لەو بابەتانەدا کە دەربارەی ئافرەتی ئێزیدییە باس لە دۆخی قورسی کاری ئافرەت و کەمی کرێکەی کراوە کە دەڵێت: "کارکردن ١٠ کاتژمێرە بەرانبەر بە ٢٥٠ فلس"، دواتریش لە درێژەی بابەتەکەدا زیاتر لەم دۆخە کۆڵدراوەتەوەو هاتووە: دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیی و باڵادەستیی نەخوێندەواریی لە نێو ئێزیدییەکاندا بۆتە هۆکاری زیادبوونی بێکاریی و نەخۆشیی و دابەزینی ئاستی ژیان، لە پێناو پڕکردنەوەی تێچووی ژیانی خێزانی ئێزیدیی، ژنان روویان کردۆتە کێڵگە و چیاکان بۆ کارکردن، لە وەرزی هاویندا هاوکاریی خێزانەکەی دەکات لە دروێنە، بەو رادەیەی لە رۆژێکدا دە کاتژمێر زەیتون کۆدەکەنەوە لە بەرانبەر ٢٥٠ فلس. هەروەها لە بارەی پیاز هەڵکەندنەوە دوواوە و باسی قورسی کارەکە و کەمی کرێکەی دەکات، هەر لە ریپۆرتاژەکەدا باسی ئەوە دەکات، کە دوای ئەوەی هەندێک لە خێزانەکانیان لە لادێوە روویانکردۆتە شارەکان، لە شاری موسڵ ژنانیان بەشدار دەبن لە دروستکردنی خواردن لە کارگەکانی کەرتی تایبەت، ریپۆرتاژەکە باسی ئەوەش


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

دەکات، کچی ئێزیدیی کە دەبێت بە ١٢ ساڵ دەستدەکات بە بەخێوکردنی ئاژەڵ بۆ خێزانەکەی و وەکو شوانی ئەو ئاژەڵانە لە وەرزی بەهاردا کار دەکات، بەرانبەر کرێی ٧-١٠ دینار بۆ هەر ٤٠ رۆژێک (بیری نوێ / الفکر الجدید ، ژ. ١٥٨ ، ١٩٧٥/٩/٢٠ : ١٤).

لێرەدا دەردەکەوێت، ئەوان سەرەڕای ئەوەی بەپێی ئایدۆلۆجیای رۆژنامەکە کاریان کردووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەریی ئێزدییەکان لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە ئەم رۆژنامەیە توانیویەتی بەشێکی زۆر لە واقیعی ژیانی ئافرەتی ئێزدیی لەو کاتەدا بخاتەڕوو، بۆ نموونە کاتێك (دکتۆر دەخیل سەعید)[1] مان دواند لە بارەی دۆخی ئافرەتی ئێزدیی لەو سەردەمەدا باسی لەوە کرد کە هەرچەندە دۆخی ئافرەتی ئێزدیی لە چاو بەشەکانی دیکەی کورد باشتر بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوە کۆمەڵگەکە بە گشتی باوکسالار بوو مافی ژن هێندە لە بەرچاو نەدەگیرا ، باسی ئەوەشی کرد کە دۆخی ئەوکات لەبەر هەژاریی و نەبوونی باش نەبووە، ژنانیش وەکو بەشێك لەو کۆمەڵگەیە لە کاریگەرییەکانی بێبەش نەبوون (دیداری توێژەر لەگەڵ دکتۆر دەخیل سەعید خدر، هەولێر، ٣ی شوباتی ٢٠٢٦).

لە ریپۆرتاژێکی دیکەدا کە بە ناوونیشانی (عن حیاة نساء قریة بعشیقة )وەیە، باس لە ژیان و گوزەرانی ژنانی بەعشیقە دەکات، لە سەرەتای بابەتەکەدا دەڵێت: بەعشیقە گوندێکە سەر بە ناحیەی ئەلقوش لە پارێزگای نەینەوا، لە هاویندا ژنان هاوبەشی پیاوان دەکەن شانبەشان لە دروێنەی بەروبوومەکان و لە پاییزیشدا کاری دیکەی کشتوکاڵیی ئەنجامدەدەن کە پیاز هەڵدەکەندنە، لە زستانیشدا لە نێو دار زەیتونەکاندا دەسوورێنەوە بۆ کۆکردنەوەی بەرەکەی.

لە بارەی بارودۆخی کاری کشتوکاڵییشیانەوە جگە لەوەی باسکرا ژنانی ناوچەکە لە کێڵگەی گەورەی چەوەندەر و پەتاتە کار دەکەن و پێش رۆیشتنیان بۆ کێڵگەکە کرێکارەکان رێکدەکەون لە گەڵ یەکێک لەو کەسانەی دەیبردن بۆ کار، بۆ ئەوەی کاریان پێبکەن و چاودێریی کارەکانیان بکەن لە کێڵگەکەدا، نێوەندگیرەکەش واتا ئەوەی دەیانبات بۆ کار ٥٠ فلس لە هەر یەکێکیان وەردەگرێت بەرانبەر بەوە، دواتریش هەر ئەوانە لە بیناکردنی خانوو کاریان پێدەکەن بە ٦٥ فلس، لە بابەتەکەدا باس لەوە کراوە سەرەڕای ئەو کارانە ژنان ماڵات و پەلەوەر بەخێودەکەن و هاوبەشیی پیاوان دەکەن لە پیشە میللییە باوەکاندا، وەکو رستن و پیشەی راشی و دەرهێنانی زەیتی زەیتون و دروستکردنی سابوون، لە هەموویشی قورستر هێنانی ئاوە لە بیر و کانییەکان بە هۆی کەمیی ئاوی پرۆژەوە، ئەمە سەرەڕای کاری ناوماڵ (بیری نوێ / الفکر الجدید، ژ ١٥٨ ، ١٩٧٥/٩/٢٠ : ١٤)، دکتۆر ( دەخیل )یش جەختی لەوە کردەوە کە ژنانی بەعشیقە ئەو کارانەیان کردووە (دیداری توێژەر لەگەڵ دکتۆر دەخیل سەعید خدر، هەولێر، ٣ی شوباتی٢٠٢٦).

**ب. کاری شار**

یەکێکی دیکە لەو لایەنانەی کە لە دیدی رۆژنامەکەدا بۆ باشتربوونی دۆخی ئافرەت جەختیان لەسەر کردۆتەوە بابەتی کاری ئافرەت و هاتنە مەیدانی ئافرەتە لە بواری کارکردندا ، هەربۆیە دۆخی ئافرەتی کورد وەکو کرێکار لە شاردا، پرسێکی دیکەیە کە لەم رۆژنامەیەدا وروژێندراوە ، ئەویش لە بابەتێکدا دەربارەی کرێکاری ژن لە شاری سلێمانی (بیری نوێ/ الفکر الجدید، ژ ٢١١ ، ١٩٧٦/١٠/٩ : ١٤).

لەم ریپۆرتاژەدا هەوڵدراوە جگە لە خستنەڕووی دۆخی ئەو ژنانە و کرێ و گوزەرانیان و دۆخی خزمەتگوزارییەکانیان، هاوکات باس لە مافەکانیشیان بکرێت و لە بۆتەی گێڕانەوەکانیشدا چارەسەرەکانیش بخرێنەڕوو. بابەتەکە بەوە دەستپێدەکات کە دەڵێت :

"لەم ساڵانەی دواییدا ئافرەتانی سلێمانی دەستیانکردووە بە کارکردن لە کارگە و دامودەزگاکان بۆ ئەوەی مافی رەوای خۆیان بەدەستبهێنن، کە بریتییە لە واڵاکردنی هەل لە بەردەمیان لە کارگەکان و بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانی نیشتیمانیی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە". لێرەدا ئەم بابەتی کارکردنەی ئافرەتانیان وەکو یەکێک لە بەدەستهێنانی مافەکانیان و بەشدارییان لە پرۆسەی پێشخستنی کۆمەڵگەدا خستۆتەڕوو، لایەنێکی دیکەی ئەم ریپۆرتاژە ئەوەیە کە لە درێژەی بابەتەکەشدا کارێکی

وردی لەسەر ئاماری کرێکاران کردووە چ لە دەزگا حکومییەکان یان کارگە ناحکومییەکان، لەم بارەیەوە هاتووە:

ئێستا لە کارگەی جگەره[٢] ١٣٢١ ئافرەت کاردەکەن، لە کۆمپانیای درووماني تریکۆ ی برایان ٢٥ ئافرەت، لە کارگەی پسکیتی هێرۆ کە کەرتی تایبەتە ٢٥ و ژمارەیەکی باشیش لە فەرمانگەکانی دیکەی دەوڵەتدا کاردەکەن کە ٣٥٠ کەسن(بیری نوێ/ الفکر الجدید ، ژ ٢١١ ، ٩/١٠/ ١٩٧٦ : ١٤).

ئەم ئامارانە ئەگەرچی باس لە سەرچاوەکانیان نەکراون و نازاندرێت تا چەند دروستن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دەرخەری واقیعێکی نوێیە لە کۆمەڵگەی کوردییدا و دەیسەلمێنێت کە لەو کاتەدا وردە ئافرەت لە شارەکانی کوردستان هاتوونەتە نێو کار، ئەوەش دۆخێکی مێژوویی لە بواری مێژووی کۆمەڵایەتیی لەو سەردەمەدا دەخاتە ڕوو.

ئەم ڕیپۆرتاژەی کە لەو ڕۆژنامەیە خراوەتە ڕوو، سەرەڕای ئەوەی ئەوە دەخاتەڕوو کە ئافرەت لەو کاتەدا هاتۆتە نێو کاری کرێی شارەوە، هاوکات دۆخی ژیان و واقیعی ئەو ئافرەتانە دەگێڕێتەوە، کە لەو کاتەدا کاریانکردووە و لە ڕێگەی خستنەڕووی کێشەکانیانەوە گێڕانەوەیەکی وردی ئەو دۆخە دەکات کە هەبووە، لەم بارەیەشەوە دەڵێت: ئەمانە چەند کێشەیەکیان هەیە لەوانەش کەمی کرێ کە لەگەڵ تێچوونی ژیاندا ناگونجێت، بۆ نمونە کرێکارێک ١٢ ساڵ خزمەتی هەیە ڕۆژانەکەی ٨٥٠، فلسە، لە کارگە ناحکومییەکانیشدا بە هەمان شێوەیە بۆ نمونە کرێی ڕۆژانە لە نێوان ٥٥٠-٦٥٠ فلسدایە (بیری نوێ/ الفکر الجدید ، ژ ٢١١ ، ٩/١٠/ ١٩٧٦ : ١٤).

یەکێک لە کێشەکانیشیان گواستنەوەیە، چونکە تەنها کارگەی جگەرە و فەرمانگەی کشتوکاڵ ئۆتۆمبێلیان بۆ گواستنەوەی فەرمانبەر تەرخانکردووە، ئەوانیدیکە تا ئێستاش بێبەشن، لە کەرتی تایبەتیش کۆمپانیای تریکۆ ئۆتۆمبێلی دابینکردووە، بەڵام دۆخیان باش نییە و کارگەی پسکیتی هێرۆش ٢٦ فلس دەدات کە بەشی هاتن و چوونیان ناکات (بیری نوێ/ الفکر الجدید ، ژ ٢١١ ، ٩/١٠/ ١٩٧٦ : ١٤).

سەبارەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواریی، کە یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانیان، ئەوا لە کارگەی جگەرەدا پێنج ناوەند هەن کە فەرمانبەران وانە بە کرێکاران دەڵێنەوە. کێشەیەکی دیکەش ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو ڕێژەیە لە کرێکار و فەرمانبەری ئافرەت، کەچی یەک دایەنگە نییە، هەرچەندە کارگەی جگەرە ڕۆژی یەک کاتژمێری بۆ دایکانی خاوەن منداڵ تەرخانکردووە لە سەرەتای دەوامدا، بەڵام کرێکارەکان داوای کردنەوەی دایەنگە دەکەن، یان کارکردنیان بکرێت بە دوو کاتی جیاواز لە ڕۆژێکدا (بیری نوێ/ الفکر الجدید ، ژ ٢١١ ، ٩/١٠/ ١٩٧٦ : ١٤).

لە ڕاستیدا ئەوەی لەم بابەتەدا خراونەتەڕوو جگە لەوەی کە واقیعی بەشێك لە ئافرەتانی شارەکە دەخاتەڕوو، هاوکات دەکرێت لە سۆنگەی زانیارییەکانی ئەم ڕیپۆرتاژەوە تا ڕادەیەك واقیعی ئابوری و کرێ و نرخی ئەو سەردەمەش ڕوون ببێتەوە. ئەمە جگە لەوەی واقیعی نەخوێندەواریی و نەبوونی دایەنگە بابەتی دیکەن و ڕوونیاندەکاتەوە، بە تایبەتی بابەتی دایەنگە کە پرسێکی زۆرهەنوکەیی ئەو کاتە و ئەو بەرەوپێشچوونە بووە کە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام کاتێك لە ئامارەکانی ئەو کاتە دەڕوانین دەردەکەوێت، کە بەڵێ ئەوەی لەو بابەتانەی ئەو ڕۆژنامەیەدا هاتوون بەشێکی گرنگ لەو واقیعە ڕووندەکەنەوە، بۆ نموونە هەر بەپێی ئامارە فەرمییەکانی حکومەت لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ دا لە پارێزگای کەرکوك ١٤ دایەنگە هەبووە کە ١٢٦٨ منداڵیان تێدابووە، لە دهۆك ١ دانە هەبووە، کە ١٤٥ منداڵی هەبووە و لە هەولێریش ٢ دایەنگە هەبوون کە ٢٠٥ منداڵیان تێدابووە، لە سلێمانییش ٢ دایەنگە هەبوون کە ٤٢٥ منداڵیان تێدابووە (الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ، الباب الاحصائية السنوية ١٩٧٥ ، الباب التاسع عشر ، احصاءات التربية والتعليم : ٣٩٣) . ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە ژمارەی دایەنگەکان بۆ ئەوکاتە لە ئاستێکی زۆر کەمدا بوون و نەك هەر لەو شوێنانەدا کە ڕیپۆرتاژەکە باسیکردووەبەڵکو بە دڵنیاییەوە لە شوێنەکانی دیکەشدا هەمان کێشە هەبوون .



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەم بابەتەشدا هەروەکو بابەتەکانی دیکە، ڕۆژنامەکە هەوڵیداوە لە ڕوانگەی دۆخی ژیانی ئافرەتی وڵاتە پێشکەوتووکانەوە بە تایبەت سۆسیالیستییەکان، چارەسەری کێشەکانیش بخاتەروو و دەڵێت: چارەسەرکردنی بابەتی کرێ بەپێی بەندەکانی یاسای کار ئەم دۆخەیان چاک دەکات کە هەست بەو چەوسانەوەیە دەکەن، هەروەها هاندەریان دەبێت بۆ باشترکردنی دۆخی ژیانیان و لە دواجاریشدا هاندانیانە بۆ زیاترکردنی بەرهەمهێنان، تەنانەت ئەم ڕۆژنامەیە لە سۆنگەی بڕیارەکانی ئەو کاتەی دەسەڵاتەوە بەدواداچونی بۆ دۆخی ئەو ئافرەتانە کردووەوهەر لەم بابەتەدا کاریکردووە لەسەر ڕادەی پابەندبی حکومەت بە دابینکردنی پێداویستییەکان بەپێی دەقی بڕیارو ڕێنماییەکانی، لەم ڕووەشەوە دەڵێت: سەبارەت بە تەندروستی کرێکاران بەپێی مادەی ١٠٩ بڕگەی ج لەسەر خاوەن کار پێویستە کەرەستەکانی فریاگوزاریی پزیشکیی دابین بکات و ئەگەر ژمارەی کرێکارانی کارگەکە لە ٥٠٠ زیاتر بوو، ئەوا پێویستە پزیشکی موقیمی هەبێت و بنکەیەکی تەندروستی دامەزرێنێت کە هەموو کەرەستە پزیشکییەکانی تێدا بێت، بەڵام ئەمە جێبەجێنەکراوە، تەنانەت لە کارگەی جگەرە کە زیاتر لە ٢٥٠٠ کرێکاری هەیە پزیشکی پیاو تەنها دوو کاتژمێر دەوام دەکات لە کاتژمێر ٧-٩ و پزیشکی ئافرەتیش کاتژمێر ١٠ بۆ ١٢ و هیچ پزیشکێکی موقیمیش بوونی نیە. لە کەرتی تایبەتیشدا مۆڵەتی نەخۆشیی زۆر بە قورسیی بە کرێکاران دەدرێت ، کە ئەمە کێشەیەکی ئافرەتانە (بیری نوێ/ الفكر الجديد ، ژ ٢١١ ، ١٩٧٦/١٠/٩ : ١٤).

بەگشتی ئەوەی لەم بابەتەدا ڕووندەبێتەوە ئەوەیە، کە ڕۆژنامەکە هەرچەندە لە سۆنگەی سیاسەت و ئایدۆلۆجیای حیزبەکەیەوە بابەتێکی گرنگی لە ژیانی ئافرەتانی کرێکارو فەرمانبەر لە شاردا وروژاندووە، لەم ڕووەشەوە ئامارێکی خستۆتەڕوو، کە دەکرێت لە ڕێگەیەوە تا ڕاددەیەکی زۆر واقیعی مێژوویی ژیانی ئەو ئافرەتانە ڕوونببێتەوە، هاوکات دەردەکەوێت کە لە ڕوانینێکی سیاسییەوە هەوڵیدابێت لە لایەک ئەم بابەتە وەکو دەستکەوتێک بخاتەڕوو، لە لایەکی دیکەوە وەکو ڕەخنەیەکیش لە دەسەڵات دەربببڕێت و لە ڕووی حیزبایەتی و سیاسییەوە بەکاریهێنابێت، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش دەکرێت ئەم ڕاپۆرتە گێرانەوەیەک بێت، کە دۆخی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و ژیانی ڕۆژانەی ئەو توێژەی لە شاری سلێمانی دا خستبێتەڕوو و بتواندرێت لە گێڕانەوەی واقیعی ژیانی ئەو شارەدا بە گشتی سودێکی مێژوویی هەبێت.

**پێنجەم : خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەوانەش خوێندن و تەندروستی**

وەکو ڕوونبووەوە بابەتی خوێندن و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە بۆچوونەکانی ڕۆژنامەکەدا بایەخی زۆریان پێدراوە و وەکو کۆڵەکەی بنەڕەتیی ڕزگاربوونی ئافرەت لە واقیعی دواکەوتوویی ئەژمارکراوە، لەم ڕووەشەوە هەروەکو بابەتەکانی دیکە لەم ڕۆژنامەیەدا پرسی نەخوێندەواریی و نەبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆ ئافرەت بایەخی زۆریان پێدراوە، بۆ ئەم بابەتەش هەر هەوڵیانداوە لە ڕوانگەی بەراوردکردن بە ئەزمونی وڵاتە سۆسیالیستەکانەوە ئەم دۆخە تاوتوێ بکرێت و لە ڕەهەندە جیاجیاکانی بکۆڵدرێتەوە، بۆیە ڕۆژنامەکە لە ڕیپۆرتاژ و بەدواداچوونەکانیدا هەوڵیداوە هەمان ئەو بابەت و پرسانە بوروژێنێت، کە لە وڵاتە سۆسیالیستەکاندا هەبووە وەکو بنەماکانی فەراهەمکردنی مافەکانی ئافرەت، کە بەشێکی زۆری کار و لێکدانەوەکانیان لەم بارەیەوە جگە لەوەی لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆجیای ئەو وڵاتانەوە سەرچاوەی گرتووە، لە هەمان کاتیشدا لەو کاتەدا ئەو بابەتانە کێشەی ئافرەتی کورد بوون و کارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە کەلێنی گەورەیان خستۆتە ڕوو، کە ئەوکات نە دەسەڵاتی سیاسی و نە هیچ لایەنێکی دیکەی کۆمەڵایەتیی بەوگرنگییە لێیان نەڕوانیوە و بە هەندیان وەرنەگرتووە بۆ باشترکردنی ژیانی ئافرەت، بۆ نموونە لەو بابەتەدا کە دەربارەی ژیانی ئافرەتی ئێزیدییە هاتووە :

سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکان و دۆخی کۆمەڵایەتیی جگە لەوەی باسمانکرد دەربارەی هاوسەرگیریی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەی ئێزیدیی، هاوکات ئافرەتی ئێزیدیی ئازاد نییە لە هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانی، هەروەها تۆماری نەخوێندەواریی ژمارەی پێوانەییە لە نێو ئافرەتانی ئێزیدییدا ، کە تا ئەم دواییانەش بۆیان نەبوو بچنە قوتابخانە، یەکەم کچیان لەم دواییانە ئەو بەربەستەی بڕی و چووە زانکۆی موسڵ.

تا ئێستاش نەخۆشخانەو ناوەندی نەهێشتنی نەخوێندەواریی و قوتابخانە لەو ناوچانەی ئێزیدییەکانی تێدا دەژین زۆر کەمن و لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکاندا کە لە وڵاتەکەدا دەگوزەرێن ناگونجێن، لە نەخۆشخانەو ناوەندە تەندروستییەکانی ناوچەکەدا پزیشک و پەرستاری ئافرەت نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی مردنی ئافرەتێکی زۆریان، لەبەرئەوەی پشکنینی ئافرەتیان لە لایەن پیاوەوە بە حەرام دەزانن (بیری نوێ / الفكر الجديد ، ژ ١٥٨ ، ١٩٧٥/٩/٢٠ : ١٤).

هاوکات لەو بابەتەشدا کە دەربارەی ئافرەتانی بەعشیقەیە، هاتووە: لە بارەی خزمەتگوزارییەوە سەرەڕای کاری قورس کە ژنانی ئەوێ دەیکەن تا ئێستاش بێبەشن لە زۆربەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیی و تەندروستییەکان، دەبینین ئەو ڕێکارانەی کە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی گیراونەتەبەر، لەگەڵ ژمارەی ئافرەتی ناوچەکەدا ناگونجێت و پزیشکی ئافرەت لە ناوەندە تەندروستییەکاندا نییە، ئەمەش زۆربەی دایکەکان دووچاری مەترسی گەورە دەکاتەوە لە کاتی منداڵبووندا.

هەروەها ناوچەکە باخچەی منداڵانی لێ نییە، بۆیە زۆربەی کرێکارە ژنەکانی کێڵگە کشتوکاڵییەکان ناچارن لە زستان و هاویندا منداڵەکانیان بەرن بۆ کێڵگە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئافرەتانی بەعشیقە دەیانەوێت لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بەشداربن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان( بیری نوێ / الفكر الجديد ، ژ ١٥٨ ، ١٩٧٥/٩/٢٠ : ١٤) .

لە بارەی ئافرەتی ناوچەی چەمچەماڵیشەوە، هاتووە: سەبارەت بە فێرکاریی، ئەگەر چاو بەم لایەنەی ناوچەکەدا بخشێنینەوە، دەبینین ٩٩٪ ئافرەت نەخوێندەوارن و سەرجەمی گوندەکان ناوەندی نەهێشتنی نەخوێندەواریی تیادا نییە، هەروەها زۆربەی گوندەکان لە قوتابخانە بێبەشن، ئەمە جگە لەوەی دواکەوتوویی پیاو لە رووی فیکریی و رۆشنبیرییەوە کاریگەریی خستۆتەسەر واقیعی فێرکاریی ئافرەتیش کە رێگرن لە چوونی کچەکانیان بۆ قوتابخانە (بیری نوێ / الفكر الجديد ، ژ ١٥٨ ، ١٩٧٥/٩/٢٠ : ١٤)

لە لایەنی تەندروستیشەوە، ئافرەتی ئێرە بێبەشن کە جگە لە یەک نەخۆشخانە لە ناوەندی قەزاکە و دوو ناوەندی تەندروستی لە ئاغجەلەرو سەنگاو هیچی دیکەی لێ نییە، کە ئەوانیش ئافرەتیان تێدا نییە هەروەها نەخۆشخانەی لە دایکبوون و ناوەندی چاودێریی دایکان و منداڵانی تێدانییە ( بیری نوێ / الفكر الجديد ، ژ ١٧٩ ، ١٩٧٦/٣/٢١ : ١٤ )

لە راستیدا ئەم زانیاریانە کە لەم بابەتانەدا هاتوون لە لایەکەوە دەریدەخات کە ئەم رۆژنامەیە زۆر بوێرانە دەستی بۆ کۆمەڵێك کێشەی قووڵی ئافرەتان بردووە، واقیعێکی روونی ئەو کاتەی خستۆتەڕوو، لە لایەکی دیکەوە دەردەکەوێت کە زانیارییەکانی تا رادەیەکی زۆر نزیکن لەو واقیعەی ئەوکاتەوە. چونکە سەرچاوەکان و گێڕانەوەکانی ئەوکات بە روونی دەریدەخەن کە لەو کاتەدا ئەم بابەتانە گرفتی گەورەی ئافرەتانی کورد بوون، لەبەرئەوەی هەم لە بواری خوێندەواریی و هەمیش لە بواری تەندروستییەوە خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی پێویستی ئەو ناوچانە و بەشی هەرەزۆری ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا نەبوون . بە نموونە لە بارەی خوێندەوارییەوە هەرچەندە دوای رووخانی رژێمی پاشایەتیی لە ساڵی ١٩٥٨ دا، حوکومەتی عێراق دەستی بە هەڵمەتێک کرد بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی (الحمداوي، ٢٠٠٥، ص٢١٤)، بۆ ئەو مەبەستەش پرۆگرامێکی فێرکردنی لە هەموو لیواکان دانا، لە نێوێشیاندا لیوای کەرکوک (الراوي و قرنبغ، د.ت، ص٢٢٢)، بەڵام ئەو پرۆسەیە نەگەیشتبووە بەشی زۆری گوندەکان و تەنانەت قەزاکانی کوردستانیش لەوانەش ناوچەی ئێزیدییەکان و بەعشیقە و چەمچەماڵیش، بە نموونە بەپێی خودی ئامارەکانی حکومەت لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ ناوەندەکانی خوێندن و ناوەندە تەندروستییەکان لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بوون، لە ساڵی ١٩٧٤دا لە هەموو کەرکوك ٩ نەخۆشخانە هەبووە، کە ٧٦ پزیشکی گشتی و ٣ پزیشکی ددانی هەبووە، هەروەها لە پارێزگای دهۆك تەنها ٣ نەخۆشخانە هەبووە کە ٢٥ پزیشکی گشتی و ٢ پزیشکی ددانی هەبووە، لە پارێزگای هەولێریش ٨ نەخۆشخانە هەبوو کە تەنها ٣٩ پزیشکی گشتی و ٢ پزیشکی ددانی هەبووە، لە پارێزگای سلێمانییش تەنها ٤ نەخۆشخانە هەبوون کە ٢٤ پزیشکی گشتی هەبووە و هیچ

پزیشکێکی ددانی لێنەبووە . کاتێکیش دەڕوانیتە ئامارەکانی هەمان ساڵ لە بارەی کاری پزیشکی ئافرەت ئەوەندەی دیکە دەردەکەوێت کە زانیارییەکانی نێو ریپۆرتاژکانی ئەو رۆژنامەیە لە واقیعەوە نزیك بوون و ئەوان گرفتی سەرەکییان وروژاندووە، بۆ نموونە لە هەموو کەرکوك یەك پزیشکی ئافرەتان هەبووە و پزیشکی دایکایەتی و منداڵان تەنها یەك دانە بووە، لە دهۆك هەر هیچیان نەبووە و لە هەولێریش پزیشکی ئافرەتان هەر نەبووە و تەنها یەك پزیشکی دایکایەتیی و منداڵان هەبووە، لە سلێمانی هەر بە هەمان شێوە پزیشکی ئافرەتانی لێنەبووە و یەك دانەی دایکایەتیی و منداڵان هەبووە (الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ، الباب الاحصائية السنوية ١٩٧٥ ، الباب التاسع عشر ، احصاءات التربية والتعليم : ٣٦٠) ، لە کاتێکدا سەرجەم دامودەزگا تەندروستییەکانی دیکە لە بنکەی تەندروستی بە هەموو جۆرەکانی و تەواوی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی دیکەوە لە کەرکوك ژمارەیان ١١٦ بووە و لە دهۆك ٢٥ و لە هەولێر ١٠٩ و لە سلێمانی ١٣١ (الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ، الباب الاحصائية السنوية ١٩٧٥ ، الباب التاسع عشر ، احصاءات التربية والتعليم : ٣٦٤) ، کە ئەمانە بۆ هەموو پارێزگاکان بوون و ئاشکراشە زۆرینەیان لە ناوەندی شارەکاندا بوون، قەزا و ناحیە و گوندەکان کەمترینیان بەر کەوتووە، هەربۆیە ئەوەی کە رۆژنامەکە باسی دەکات دەرخستنی واقیعی ئەو ناوچانە بووە، کە ئەمە لە گێڕانەوە زارەکییەکانیشدا پشتڕاستکراونەتەوە، ئەوەتا دکتۆر دەخیل دەڵێت: خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە گوند و ناوچە بچووکەکانی کوردستان بە گشتی لە ئاستی پێوستدا نەبوون (دیداری کەسیی لەگەڵ دکتۆر دەخیل سەعید خدر، هەولێر، ٣ی شوباتی ٢٠٢٦)

لە لایەکی دیکەوە هەروەکو لە سەرەوە باسمانکرد، ئەم رۆژنامەیە بە پشتبەستن بە ئەزموونی وڵاتانی سۆسیالیست هەمیشە چارەسەریشیان بۆ کێشەکان خستۆتەڕوو، بۆ نموونە لەو بابەتەی دەربارەی ئافرەتانی چەمچەماڵ چەند پێشنیارێک خراونەتەڕوو، لەوانەش :

بۆ گۆڕینی دۆخی ئافرەت لەو ناوچەیە پێویستە رزگار بکرێن لە نەخوێندەواریی ئەویش بە کردنەوەی ناوەندی نەهێشتنی نەخوێندەواریی. هەروەها هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی تەندروستیی لە نێو ئافرەتاندا و کردنەوەی ناوەندی تەندروستیی لە گوندەکانداو کردنەوەی ناوەندی مندالبوون و ناوەندی چاودێریی دایکایەتیی و منداڵان. هەروەها ئافرەتی جووتیار یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی بیگرێتەوە و زەوی کستوکاڵیی بەسەریاندا دابەش بکرێت و وەکو پیاو بەشداربکرێن لە کێڵگە حکومیی و هەرەوەزییەکاندا (بیری نوێ / الفكر الجديد ، ژ ١٧٩، ١٩٧٦/٣/٢١ : ١٢). لە راستییدا ئەم بابەتە لە شێوەی توێژینەوەك دێتە بەرچاو، نەك تەنها ریپۆرتاژێکی ئاسایی.

شایانی باسە بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان، یاسای ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٥٨ یاسای چاکسازی کشتوکاڵی/ قانون الاصلاح الزراعي)، دوای رووخانی رژێمی پاشایەتیی لە عێراقدا دەرکرابوو[٣].

**شەشەم : خوێندنی ئافرەت**

هەروەکو لای سەرەو روونبووەوە، کە یەکێک لەو بابەتانەی لە سیاسەتی گشتی ئەم رۆژنامەیەدا دەربارەی ئافرەت گرنگیی پێدراوە دۆخی خوێندن و خوێندەواریی ئافرەتان بووە، ئەوەی بەدیکرا ئەوان نەزانینی ئافرەت و نەخوێندەواریی ئەم بەشە گرنگەی کۆمەڵگەی کوردییان بە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم ئازادیی وسەربەخۆیی ئابوریی وکۆمەڵایەتیی ئافرەتی کورد زانیوە، هەر بۆیە لەم رووەوە بابەتێکی تایبەتی بە ناوونیشانی (چەند تێبینییەک سەبارەت بە خوێندنی ئافرەت) لەو رۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە، کە تیایدا هەوڵدراوە خوێندنەوەیەک بۆ ئامارەکانی خوێندن لەو ماوەیەدا بکەن و لە خزمەت سیاسەتی سەرەکی و تێڕوانینی گشتی حیزبەکەیان و رۆژنامەکەیان کاری لەسەر بکەن. لەبابەتەکەدا باس لەوە کراوە کە هەرچەندە بەدواداچوونی لایەنی خوێندن کراوە، بەڵام بە

رادده‌ی پێویست گرنگیی به‌ کوردستان و خوێندنی ئافره‌ت به‌ تایبه‌تی نه‌دراوه‌، بۆیه‌ ده‌بێت گرنگی پێبدرێت و زیاتر چاودێریی خوێندنی ئافره‌ت بکرێت، چونکه‌ به‌ راده‌یه‌کی زۆر له‌ ژێر کاریگه‌رییه‌کانی دواکه‌وتنه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانه‌ و نه‌خوینده‌واریش له‌ نێویاندا زۆر زۆره‌ ، بۆیه‌ گرنگه‌ ئافره‌ت وه‌کو به‌رهه‌مهێنه‌ر له‌ سه‌رجه‌م بواره‌کانی ته‌کنۆلۆژیا و زانیندا ئاماده‌ بکرێن و نه‌خوێنده‌وارییان قه‌ڵاچۆ بکرێت. هه‌روه‌ها باس له‌و بابه‌خه‌ ده‌کات که‌ له‌و ساڵانه‌دا به‌ ناوچه‌کانی کوردستان دراوه‌و چه‌ند قوتابخانه‌یه‌ک له‌ شوێنه‌ جیاجیاکاندا کراونه‌ته‌وه‌، که‌ له‌ زۆربه‌یاندا خواردن به‌ خۆڕایی به‌ قوتابیان ده‌درێت، به‌ڵام ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌کات ، که‌ ئه‌وه‌ی په‌یوه‌سته‌ به‌ ئافره‌ته‌وه‌ که‌من و له‌ ئاستی رێژه‌ی نه‌خوێنده‌واریی ئه‌واندا نییه‌، ته‌نانه‌ت له‌گه‌ڵ که‌میی رێژه‌ی مامۆستایانی ناوچه‌که‌شدا ناگونجێت له‌ پسپۆرییه‌ جیا جیاکاندا. بابه‌ته‌که‌ ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌کات که‌ به‌ پێی ئه‌و رێژه‌ و ژمارانه‌ی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٦ له‌ لایه‌ن وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌وه‌ بڵاوکراونه‌ته‌وه‌، ئه‌وه‌ ده‌رده‌خه‌ن که‌ ژماره‌ی کچانی باخچه‌ی ساوایان کوردستان و ته‌واوی عێراق ٣٠٪ پیکده‌هێنێت، که‌چی رێژه‌ی کوڕان ته‌نها له‌ ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمییدا ٥٠,٧ ٪ پێکده‌هینێت، هۆکاری ئه‌مه‌ش ده‌گه‌ڕێنێته‌وه‌ بۆ دواکه‌وتوویی ناوچه‌که‌ له‌ رووی کۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌. لێره‌دا به‌ هه‌مان شێوه‌ رۆژنامه‌که‌ ده‌یه‌وێت ئاماژه‌ به‌وه‌ بدات، که‌ حکومه‌ت کاریکردووه‌، به‌ڵام جارێکی دیکه‌ دێته‌وه‌ سه‌ر ره‌خنه‌گرتن، له‌ باره‌ی ئه‌وه‌ی که‌ له‌م ماوه‌یه‌دا بۆ ئافره‌تان کراوه‌، که‌مه‌، ئیدی لێره‌شه‌وه‌ ده‌چێته‌وه‌ سه‌ر هه‌مان دیده‌ گشتییه‌که‌ی و بابه‌ته‌که‌ به‌ دواکه‌وتوویی کۆمه‌ڵگه‌وه‌ ده‌به‌ستێته‌وه‌.

له‌ درێژه‌ی بابه‌ته‌که‌دا باسی وازهێنانی ئافره‌تان له‌ خوێندن و کارکردنیان ده‌کات، ده‌ڵێت: سه‌باره‌ت به‌ خوێندنی سه‌ره‌تایی، ئه‌وا رێژه‌ی قوتابییه‌ کچه‌کانی ئه‌و سێ پارێزگایه‌ بریتییه‌ له‌ ٧٪ ی کۆی گشتی وڵات، هه‌رچه‌نده‌ ده‌ڵێت: رێژه‌که‌ له‌ ساڵانی دواتردا زیادیکردووه‌، له‌ هه‌ولێر له‌ نێوان ساڵانی ١٩٦٥ – ١٩٧٥ به‌ رێژه‌ی ١٣٤٪ زیادیکردووه‌، له‌ سلێمانییش به‌ رێژه‌ی ١٦٠٪ زیادیکردووه‌، خۆ ئه‌گه‌ر بشڕوانینه‌ پۆلی یه‌ک ئه‌وا له‌ چاو پۆلی شه‌شدا رێژه‌یان پێنج ئه‌وه‌نده‌ زیادیکردووه‌، ئه‌ویش به‌ هۆی باشتربوونی دۆخی ئابوریی و کۆمه‌ڵایه‌تیی و سیاسیی ناوچه‌که‌و وه‌رگرتنی ژماره‌ی زیاتری قوتابییه‌وه‌ بووه‌. هه‌روه‌ها ده‌ڵێت: رێژه‌ی وه‌رگرتنی قوتابی کچ له‌ پارێزگایه‌که‌وه‌ بۆ پارێزگایه‌کی دیکه‌ جیاوازه‌، بۆ نموونه‌ له‌ سلێمانی رێژه‌که‌ی گه‌یشتۆته‌ ٢٠٪ ، ده‌ۆک ١١٪ و هه‌ولێر ٢٨٪، سه‌باره‌ت به‌ قۆناخی ناوه‌ندییش رێژه‌ی کچ ٦٪ ی کۆی گشتی عێراقه‌. لێره‌دا ئه‌و واقیعه‌ی له‌ روانگه‌ی ئه‌و ئاماره‌ فه‌رمییانه‌وه‌ خستۆته‌ڕوو، که‌ ئه‌وکات له‌ باره‌ی خوێندنی کچه‌وه‌ له‌ کوردستاندا هه‌بووه‌، جارێکی دیکه‌ دۆخه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌که‌ وایکردووه‌، رێژه‌ی وازهێنان له‌ زیادبووندا بێت، هه‌رچه‌نده‌ جێگیریی دۆخی سیاسیی و ئابوریی له‌و ماوه‌یه‌دا وایانکردووه‌ رێژه‌ی وه‌رگرتن له‌ پۆلی یه‌ک له‌ زیادبووندا بێت، که‌ ئه‌مه‌ راسته‌وخۆ ره‌نگدانه‌وه‌ی دۆخی کۆمه‌ڵایه‌تییه‌، چونکه‌ له‌و کاته‌دا تا راده‌یه‌ک خوێندنی کچ له‌ ته‌مه‌نی منداڵیدا رێگه‌ی پێدراوه‌ له‌ لایه‌ن خێزانه‌وه‌، به‌ڵام که‌ به‌ره‌و هه‌ڵکشانی ته‌مه‌ن ده‌چوون، ئیدی ئه‌و رێگه‌پێدانه‌ که‌متر ده‌بوو، ئه‌ویش له‌ لایه‌ک له‌به‌ر بابه‌تی کۆمه‌ڵایه‌تیی، له‌ لایه‌کی دیکه‌شه‌وه‌ له‌به‌ر کاری ناوماڵ (بیری نویٚ/ الفكر الجديد ، ژ ١٩٨ ، ١٩٧٦/٧/٣ : ٦).

سه‌باره‌ت به‌ خوێندنی پیشه‌ییش، گووتویه‌تی دۆخی له‌وانی دیکه‌ خراپتره‌ و بایه‌خی ئه‌وتۆی پێنه‌دراوه‌، تا بتوانێت له‌ بونیادنانی ئابوریی و کۆمه‌ڵایه‌تییدا رۆڵ ببینێت، هه‌روه‌ها ده‌ڵێت: له‌و ئاماره‌ی که‌ ١٩٧٥-١٩٧٦ وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ بڵاویکردۆته‌وه‌، له‌ ده‌ۆک هیچ کچێک له‌م به‌شانه‌ ناخوێنێت، له‌ سلێمانی ١٧٤ کچ و هه‌ولێر٩٨ قوتابی کچیان هه‌یه‌ که‌ له‌ ٥٪ رێژه‌ی هه‌موو عێراق زیاتر نییه‌، که‌ له‌ چاو خوێندنی ناوه‌ندیدا رێژه‌که‌ ٣٪ یه‌، ئه‌مه‌ش ده‌ریده‌خات بایه‌خ به‌م لایه‌نه‌ نه‌دراوه‌، که‌ ئه‌ویش جارێکی دیکه‌ ره‌نگدانه‌وه‌ی دۆخی کۆمه‌ڵایه‌تیی بووه‌و ئه‌مجۆره‌ خوێندنه‌ بۆ ره‌گه‌زی مێ به‌ شیاو نه‌زاندراوه‌ (بیری نویٚ/ الفكر الجديد ، ژ ١٩٨ ، ١٩٧٦/٧/٣: ٦ ).

هه‌روه‌ها ده‌ڵێت: له‌ فێرگه‌کانی ئاماده‌کردنی مامۆستایاندا دۆخه‌که‌ باشترو ئاسۆ روونتره‌، له‌و پێنج فێرگه‌یه‌دا که‌ له‌ کوردستان هه‌ن ١٤٧٢ کچ ده‌خوێنن، سه‌باره‌ت به‌ خوێندنی باڵاش دۆخی ئابوریی و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

کۆمەڵایەتیی وایانکردووە کەمتر بن، لە نێوان ساڵانی ۱۹۷۱-۱۹۷۳ تەنها ۸۸ کچی ئەم سێ پارێزگایەی کوردستان لە پەیمانگا و زانکۆکاندا دەخوێنن کە ئێستا روو لە زیادبوونە (بیری نوێ/ الفكر الجديد ، ژ ۱۹۸ ، ۱۹۷٦/۷/۳: ٦ )

کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ ئامارە فەرمییەکانی ئەو کاتە، بە تەواوی ئەو دۆخەی لە بابەتی رۆژنامەکەدا هاتووە روون دەبێتەوە و دەبیندرێت کارەکانی رۆژنامەکە لەم بارەیەوە ئەو ئامارانەی خستونییەتەڕوو لە لایەك واقیعی خوێندنی ئافرەت لەو ماوەیەدا لە کوردستان دەردەخات، لە لایەکی دیکەشەوە دەریدەخات کە رۆژنامەکە لە کارەکانیدا ورد و بابەتیی بووە. بۆ نموونە بەپێی ئامارە فەرمییەکانی حکومەت لە ساڵانی ۱۹۷٤-۱۹۷٥ دا لە تەواوی پارێزگای کەرکوکدا ١٤ باخچەی ساوایان هەبووە کە بە کۆی گشتی ۱۲٦۰ مندال و ٥٤ مامۆستایان هەبووە، لە دهۆکیش تەنها یەك باخچەی ساوایان هەبووە کە ۱۲٥ منداڵ و ١٤ مامۆستای هەبووە، هەروەها لە هەولێر ٢ باخچەی ساوایان هەبووە کە ٢٠٥ منداڵ و ١٣ مامۆستایان هەبووە، لە سلێمانی ٢ باخچەی ساوایان هەبوون کە بە کۆی گشتی ٤٢٥ منداڵ و ٢٤ مامۆستایان هەبووە (الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ، الباب الاحصائية السنوية ١٩٧٥ ، الباب التاسع عشر ، احصاءات التربية والتعليم : ۳۹۰)، کاتێکیش ئەو ئامارانە بەراورد دەکەیت لەگەڵ زانیارییەکانی رۆژنامەکەدا دەبینین زۆر لە یەکترەوە نزیکن، هاوکات کە هەڵسەنگاندنیشی بۆ دەکەیت لەگەڵ پارێزگاکاندا دەردەکەوێت کە بۆچوونی رۆژنامەکە لە راستییەوە نزیکە و واقیعەکە بۆ ئەوکات کێشە ئامێزە، کە ئەم ژمارەیە کەمە لەو پارێزگایانەدا هەبن .

لە لایەکی دیکەوە سەبارەت بە ناوەندەکانی خوێندن و رێژەیان لەو پارێزگایانەدا، بەپێی ئامارەکانی حکومەت دۆخەکە بەو جۆرە بووە کە لە هەمان ساڵدا قوتابخانە سەرەتاییەکانی کچان لە کەرکوك ۲۸ دانە بوون ، کە ۲۲٦۷٤ قوتابی کچیان هەبووە، کەچی لە بەرانبەردا بۆ کوڕان ۲۱٤ قوتابخانە بوون ٥۳۸۱۱ خوێندکاریان هەبووە، لە دهۆکیش تەنها ۸ قوتابخانەی کچان هەبووە و ۲۰٦٥قوتابییان هەبووە، بەڵام لە بەرانبەردا بۆ کوڕان ۱۲ قوتابخانە هەبوون و ٤٦٦۳ قوتابییان هەبووە ، لە هەولێریش ۹۲ قوتابخانەی کچان هەبوون و ۱۱۳٥۹ قوتابییان هەبووە بۆ کوڕانیش ۲۰۳ قوتابخانە ۳۰۷۸۷ قوتابییان هەبووە ،سەبارەت بە سلێمانییش ٦ قوتابخانەی کچان هەبوون ، کە ۱۰۰٤٦ قوتابییان هەبووە لە بەرانبەریشدا بۆکوڕان ٤٥ قوتابخانە هەبوون و ۱۷۱٤۱ قوتابییان هەبووە (الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ، الباب الاحصائية السنوية ١٩٧٥ ، الباب التاسع عشر ، احصاءات التربية والتعليم : ٣٩٤). هاوکات ژمارەی قوتابخانەی ناوەندیی و ئامادەیی لە کەرکوك بە هەردووکیان ٦٩ قوتابخانە بووە ، کە ٦۰۲۱ قوتابی کچیان هەبووە لەبەرانبەریشدا ۱٦۱۱۸ قوتابی کوڕیان هەبووە ، لە دهۆك بۆ هەردوو رەگەز ۱۰ قوتابخانە هەبوون و کە تەنها ٤٥٥ قوتابی کچیان هەبووە ، کەچی لە بەرانبەردا ۱۳۸۷ قوتابی کوڕیان هەبووە، لە هەولێریش بۆ هەردوو رەگەز ۳۹ قوتابخانە هەبوون کە ۳۰٥۹ قوتابی کچ و ۸۸۹۱ قوتابی کوڕیان هەبووە، سەبارەت بە سلێمانییش ٢٦ قوتابخانە هەبووە و ژمارەی قوتابی کچ ۳۰٤۲ و کوڕانیش ٦۰۸۹ قوتابی بوون( الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ، الباب الاحصائية السنوية ١٩٧٥ ، الباب التاسع عشر ، احصاءات التربية والتعليم : ٣٩٦). بەمجۆرەش ژمارەکان جگە لەوەی وردیی لێکدانەوە و ئامارەکانی ئەوان دەردەخەن، هاوکات دەریشیدەخەن کە لە هەموو قۆناغەکاندا و تایبەت لە ناوەندیی و ئامادەیی لە سەرجەم پارێزگاکاندا رێژەی قوتابی کوڕ و قوتابخانەی کوڕان زۆر زیاترن ، ئەمەش دیوێکی دیکەی لێکدانەوەکانی ئەوان دەردەخات ، کە دواکەوتوویی و بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆکار دەزانن، ئەمە لە کاتێکدا دکتۆر دەخیلیش هەر ئەوەی باسکرد، کە نەخوێندەواریی لە نێو پیاوانیشدا هەبووە ، بەڵام لە نێو ژناندا زۆرتر بوو لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان تایبەت لە گوندەکان بە هۆی زاڵبوونی

دابونەریتی عەشایەریی (دیداری کەسیی لەگەڵ دکتۆر دەخیل سەعید خدر، هەولێر، ٣ی شوباتی ٢٠٢٦).

بە گشتی ئەم بابەتە لایەنێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو کاتەی کوردستان دەخاتەڕوو، دەکرێت لە ڕێگەی ئەو ئامار و شیکارییانەوە چەند لایەنێکی ئەو واقیعە روون ببێتەوە، لەوانەش دەتوانین ئەو واقیعە بەدیبکەین، کە لەو کاتەدا و بەراورد بە ساڵانی پێشووترو بەهۆی جێگیریی ڕێژەیی دۆخی سیاسیی و ژیانی ئابوریی ڕێژەی خوێندنی کچ لە هەڵکشاندا بووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دۆخە کۆمەڵایەتییەکە وایکردووە بەراورد بە دۆخی سەردەمەکە لە ئاستی پێویستدا نەبێت، هاوکات جیاوازیی ئەو ئاستەش دەردەخات لە نێوان شارەکانی کوردستاندا، هەروەها روونیدەکاتەوە، کە خوێندنی کچان تا ئەو کاتەش لە ئاستی پێویستدا نەبووەو ڕێژەیەکی زۆر کەمیان لە خوێندندا بوون، بە تایبەتی لە قۆناخەکانی ناوەندیی و ئامادەیی و باڵاتر، ئەویش بەهۆی دۆخە کۆمەڵایەتییەکەوە کە ڕێژەیەکی زۆر دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە، هاوکات بۆمان روونەدەکاتەوە کە تا ئەوکاتیش کەمترین خێزانی کورد کچی خۆیان ناردووە بۆ خوێندنی پیشەیی کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بە شیاویان نەزانیوە، ڕێژەکەش لە نێوان پارێزگاکاندا جیاواز بووە، هاوکات ئەوەش روونەدەکاتەوە، کە خوێندنی مامۆستایەتیی لە هەموو لایەنەکانیتر زیاتر پەرەیسەندووە، ئەویش هەر پەیوەندیی بە بابەتی کۆمەڵایەتییەوە هەبووە، کە بەشیاوتر زاندراوە، لەبەرئەوەی ساڵانە سێ مانگ پشووی هەبووە و مامەڵەی لەگەڵ منداڵاندا بووە و لە شارەکەی خۆیدا توانیویەتی بگات بە ئاستی مامۆستایی و دامەزراندن .

**حەوتەم : گرنگیدان بە چەند لایەنێکی دیکە**

هەر لە روانگەی سیاسەتی گشتی رۆژنامەکەوە ، دەرخستنی پێگەی ئافرەت و گرنگیيان لە ژیانی گشتیدا لایەنێکی دیکەی گرنگی پێدانی رۆژنامەکە بووە ، هەر بۆیە هەوڵدراوە رۆڵی ئافرەتی کورد لە چەند جومگەیەکی دیکەدا زەقبکرێتەوەو کاری لەسەر بکرێت، بۆ نموونە لە بابەتێکدا باسی رۆڵی ئافرەت لە هەڵپەڕکێی کوردییدا دەکات و دەڵێت: ئافرەت لە هەڵپەڕکێی کوردییدا رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و کرۆکەکەیەتی، چونکە هەموو جۆرەکانی دەزانێت و لە هەموو جۆرە هەڵپەڕکێیەکدا شانبەشانی پیاو بەشدار دەبێت و لە کاتی هەڵپەڕکێدا جوانترین ئەو پۆشاکە دەپۆشێت کە هەیەتی و زۆربەی کات بە بێ تەپڵ و زوڕنا شاییەکە بەڕێوەدەبات و خۆیشی گۆرانی دەڵێت(بیری نوێ/ الفکر الجدید ، ژ ٢٢٥ ، ١٩٧٧/١/٢٩ : ٨).

لە بابەتێکی دیکەشدا کە شیکارییە بۆ دەرخستنی کێشەکانی ئافرەت و مافەکانیان لە بۆتەی شانۆگەرییەک، کە ئەو کات لە تەلەفزیۆنی کەرکوکدا پەخشکراوە بە ناوونیشانی ( این یکمن الوجه الحقیقي لحریة المرأة ؟)ەوە لە لایەن ئەحمەد حامد قادر ئامادەکراوە، بابەتەکە لە بارەی شانۆگەریی (گریان)ەوە نووسیویەتی کە لەو کاتەدا لە تەلەفزیۆنی کەرکوکدا پەخشکراوە لە نووسینی تەها بابان و دەرهێنانی ئەحمەد زەنون بووە ، باس لەوە دەکات شانۆگەرییەکە دەربارەی ئازادیی ئافرەت و دۆخی ئافرەتی ئەوکاتە بووە، دواتریش بۆچوونی خۆی لەبارەی ئازادیی ئافرەتەوە خستۆتەڕوو کە دەڵێت: رووی راستەقینەی ئازادیی ئافرەت لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردییدایە لە سەرجەم بوارەکان و لەسەر هێڵێکی شۆڕشگێڕانەو بە ئاڕاستەی سۆسیالیزم، کە مافی کارکردن و فێربوون و کاری سیاسیی و کۆمەڵایەتییان بۆ دەستەبەر دەکات و رەخنە لە نووسەر دەگرێت کە تەنها رووکەشانە باسیکردووەو نەچۆتە قوڵایی کێشەکەوە و چارەسەرەکەیشی زۆر سادە بووە(بیری نوێ/ الفکر الجدید ، ژ ٢٤٤ لە ١٩٧٦/٦/١١).

هاوکات ئەم رۆژنامەیە هەوڵیداوە رۆڵی ئەو کەسایەتییە ژنانە دەربخات ، کە لەو کاتەدا لەو بوارانەدا دەرکەوتوون، هەرچەندە لێرەشدا کاری لەسەر ئافرەتانی خاوەن بیری سۆسیالیستی کردووە لەوانە:

لە ژمارە ٢٤٨ ی ١٩٧٧/٧/٩دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ چیرۆکنووس هێرۆ گۆران ئەنجامداوەو دەربارەی بیری ئەو و کارەکانی دواوە، کە وەکو کەسێک بە زمانی عەرەبیی نووسیویەتی لەو کاتەدا و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دەڵێت: بابەتەکانم زیاتر لە بارەی ژانەکانی مرۆڤایەتیی و کاتە نائاساییەکانی ژیانە و بەپێی ئینتیمای چینایەتیم بایەخ بە ژیانی چەوساوان دەدەم و دووپاتی پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی دەکەمەوە (بیری نوێ / الفكر الجديد: ٥ و ٧).

لە ژمارە ٢٦٠ یشدا لە ١٠/١ /١٩٧٧ بابەتێکی لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە و و تیایدا هاتووە هێرۆ گۆران کچی شاعیری بەناوبانگی کورد گۆرانە و بە نووسینی کورتە چیرۆک دەستیپێکردووە و چەندین بابەتی لە رۆژنامەگەرییدا بڵاوبۆتەوە و بەزمانی عەرەبیی دەنووسێت و هەندێک هەوڵی بە زمانی کوردییشی هەیە، لە نووسینەکانیشیدا تێبینی روحێکی سەردەمییانەو گرنگیدان بە کێشەکانی چینی زەحمەتکێشان دەکرێت (بیری نوێ/ الفكر الجديد : ١٣).

لە بابەتێکی بە ناونیشانی ( لێدوانێک لە گەڵ هاورێ خانم زوهدی) دا کە بە بۆنەی ٨ی ئادارەوە ئەنجامدراوە ئەو دەڵێت: بۆنەیەکی تێکۆشەرانەیە و نیشانەی یەکسانیی ئافرەتانە، کە وەکو یەکێک لە بۆنە گرنگەکان باسی دەکات لە خەباتی ٧٩ ساڵەی ئافرەتانی جیهان بۆ ئازادیی، هەروەها باسی گرنگیی ئەم پرسە دەکات لە عێراق و ئاواتی ئەوە دەخوازێت کە ئەم بزاڤە لە وڵاتدا زیاتر بەرەو پێش بچێت و سەرکەوتوو بێت( بیری نوێ/ الفكر الجديد ، ژ ٢٣١ ، ١٩٧٧/٣/١٢ : ٩).

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتین لەوانە :

١- رۆژنامەکە بەو پێیەی کە زمانحاڵی حیزبی شیوعی بووە، بۆیە وەکو بەشێك لە ئایدۆلۆجیای حیزبەکە گرنگیی زۆری بە پرس و دۆخی ئافرەت داوە .

٢- دەرکەوت کە هەر لە سۆنگەی ئایدۆلۆجیای حیزبەکەوە رۆژنامەکە بابەتەکانی هەڵبژاردوون و کاری لەسەر کردوون و شیکاریی بۆکردوون و تەنانەت لە چاوپێکەوتن و خستنەڕووی تواناکانی ئافرەتانیشدا هەر بەمجۆرە کاری کردووە.

٣- بەشی زۆری بابەتەکانی رۆژنامەکە هەوڵدان بوون بۆ خستنەڕووی کێشەکانی ئافرەت لە سایەی رێسا و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و کەمیی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت و هەوڵدان بۆ شیکارکردنیان لە سۆنگەی ئایدۆلۆجیای گشتی رۆژنامەکەوە .

٤- رۆژنامەکە تەنها کاری لەسەر خستنەڕووی کێشە و گرفتەکانی ئافرەتان نەکردووە، بەڵکو هەوڵیداوە چارەسەرییەکانیش بخاتەڕوو، بەڵام ئەویش هەر لە روانگەی ئایدۆلۆجیای گشتی رۆژنامەکەدا و بە هەوڵدان بۆ سوود وەگرتن لە ئەزموونی وڵاتە سۆسیالیستەکانی ئەو کاتەدا بووە.

٥- سەرەڕای ئەوەی ئایدۆلۆجیا لە پشت نووسینەکانی رۆژنامەکەوە بووە، بەڵام هاوکات دەرکەوت ، کە زانیارییەکانی رۆژنامەکە بایەخی زۆریان هەیە لە خستنەڕووی واقیعی ژیانی ئافرەت و کێشەکانیان، لە سایەی کۆمەڵگە و خزمەتگوزارییەکانی ئەوکاتەی حکومەتدا .

٦- دەرکەوت کە بەشی زۆری زانیارییەکانی رۆژنامەکە لە راستییەوە نزیکن و لەسەر بنەمای سەرچاوە کاریان کردووە .

[١] پزیشکی نەشتەرگەر دکتۆر دەخیل سەعید خدر، سەر بە پێکهاتەی ئێزیدییە، لە دایکبووی قەزای شەنگالی سەر بە پارێزگای نەینەوایە لە ساڵی ١٩٥٠ز. لە ساڵی ١٩٦٧دا چووەتە کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی موسڵ و لە ساڵی ١٩٧٣دا پێداویستییەکانی دەرچوونی لەو کۆلێژە تەواو کردووە. لە دوای کاروانێکی پیشەیی و وەزیفیی درێژخایەن لە کایەی پزیشکیدا، لە تەمەنی یاساییدا خانەنشین کراوە و ئێستا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە، کە لەوێدا خاوەنی نەخۆشخانەی تایبەت (ئەهلی)ی دکتۆر دەخیلە

[٢] کارگەی جگەرەی سلێمانی ساڵی ١٩٦١ دامەزراوە، ساڵی ١٩٧١ ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ کۆمپانیای گشتیی جگەرەی سلێمانی ( بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مصطفى، ٢٠١٤: ٨١-٨٢).

**[٣](بۆ زانیاریی دەربارەی ئەم یاسایە، بڕوانە: الوقائع العراقية، العدد (٤٤)، ١٩٥٨/٩/٣٠.**

## لیستی سەرچاوەکان


**رۆژنامە:**

**بە زمانی کوردیی:**

**بیری نوێ/** الفكر الجديد (رۆژنامەیەکی هەفتەیی رۆشنبیری گشتییە بە عەرەبی و کوردی دەردەچێت / اسبوعية ثقافية عامة عربية كردية)، ژمارە (١٥٧)، ١٩٧٥/٩/١٢

**بیری نوێ/** الفكر الجديد، ژمارە (١٥٨)، ١٩٧٥/٩/٢٠

**بیری نوێ/** الفكر الجديد، ژمارە (١٧٩)، ١٩٧٦/٣/٢١

**بیری نوێ/** الفكر الجديد، ژمارە (١٩٨)، ١٩٧٦/٧/٣

**بیری نوێ/** الفكر الجديد، ژمارە (٢١١)، ١٩٧٦/١٠/٩

**بیری نوێ/** الفكر الجديد، ژمارە (٢٢٥)،١٩٧٧/١/٢٩

**بیری نوێ/** الفكر الجديد، ژمارە (٢٣١)، ١٩٧٧/٣/٢١

**بیری نوێ/** الفكر الجديد، ژمارە (٢٤٤)، ١٩٧٦/٦/١١

**بیری نوێ/** الفكر الجديد، ژمارە (٢٤٨)، ١٩٧٧/٧/٩

**بیری نوێ/** الفكر الجديد، ژمارە (٢٦٠)، ١٩٧٧/١٠/١

**بیری نوێ/** الفكر الجديد، ژمارە (٢٦٥)، ١٩٧٧/١١/٥

**بە زمانی عەرەبیی:**

الوقائع العراقية (الجريدة الرسمية للجمهورية العراقية)، العدد (٤٤)، ١٩٥٨/٩/٣٠.

**کتێب:**

**بە زمانی کوردیی:**

خەزنەدار، جەمال (١٩٧٣)، رابەری رۆژنامەگەری ی کوردی ، وەزارەتی راگەیاندن ، بەغداد.

خەزنەدار، جەمال (٢٠١٨)، ئینسکلۆپیدیای رۆژنامەگەری کوردی پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی ١٨٩٨-٢٠١٥ ، بەرگی دووەم –ب-و ، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبیی:**

الخرسان، صلاح،٢٠٠١، صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث – الحركات الماركسية ١٩٢٠ – ١٩٩٠، مؤسسة العارف للمطبوعات، بيروت – لبنان.

الراوي و قرنبغ، مسارع حسن و قمرالدين (د.ت)، قراءات في محو الامية، مطبعة وزارة التربية، بغداد.

**نامەو تێزی زانکۆیی:**

مصطفى ، رێبوار خالد (٢٠١٤) پارێزگای سلێمانی (١٩٦٨-١٩٨٨) توێژینەوەیەکی مێژوویی ئابورییە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

الحمداوي، غصون مزهر حسن (٢٠٠٥)، التطورات الاقتصادية والاجتماعية في العراق للفترة ١٩٥٨-١٩٦٨، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية الاساسية للبنات، جامعة بغداد.

**بڵاوكراوه حكومييه‌كان:**

الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ، الباب الاحصائية السنوية ١٩٧٥ ، الباب التاسع عشر ، احصاءات التربية والتعليم.

**دیداری كه‌سيی:**

دیداری توێژەر لەگەڵ دكتۆر دەخیل سەعید خدر، هەولێر، ٣ی شوباتی ٢٠٢٦ .


List of sources

Newspaper:

In Kurdish:

Biri Nuw/ Al-Fakr al-Jadeed, No. (158), 20/9/1

Biri Nuw/ Al-Fakr al-Jadeed, No. (179), 21/3/1

Biri Nuw/ Al-Fakr al-Jadeed, No. (198), 3/7/1

Biri Nuw/ Al-Fakr al-Jadeed, No. (211), 9/10/1

Biri Nuw/ Al-Fakr al-Jadeed, No. (225), 29/1/1

Biri Nuw/ Al-Fakr al-Jadeed, No. (231), 21/3/1

Biri Nuw/ Al-Fakr al-Jadeed, No. (244), 11/6/1

Biri Nuw/ Al-Fakr al-Jadeed, No. (248), 9/7/1

Biri Nuw/ Al-Fakr al-Jadeed, No. (260), 1/10/1

Biri Nuw/ Al-Fakr al-Jadeed, No. (265), 5/11/1

In Arabic:

Al-Waqa' al-Iraqiyya (Official Gazette of the Iraqi Republic), No. 44, 30/9/1

book:

In Kurdish:

Khaznadar, Jamal (1973), Leader of Kurdish Journalism, Ministry of Information, Baghdad.

Khaznadar, Jamal (2018), Encyclopedia of Kurdish Journalism, Kurdish Journalism History Writing Project 1898-2015, Volume 2-B-W, Erbil.

In Arabic:

Al-Khursan, Salah, 2001, Pages of Modern Iraq Political History – Marxist Movements 1920 – 1990, Al-Arif Publishing House, Beirut – Lebanon.

Al-Rawi and Qarnabagh, Hassan and Qamruddin (DT) course, Readings in the National Forum, Ministry of Education Printing House, Baghdad.

University Letters and Theses:

Mustafa, Rebwar Khalid (2014) Sulaimani Province (1968-1988) An Economic Historical Research, Unpublished Master's Thesis, Department of History, College of Literature, Salahaddin University-Erbil .

Al-Hamdawi, Ghassoun Mazhar Hassan (2005), Economic and Social Developments in Iraq for the 1958-1968 Period, Unpublished PhD Thesis, Faculty of Basic Education for Girls, University Baghdad.

Government publications:

Iraqi Republic, Ministry of Planning, Central Statistical Agency, Annual Statistical Complex, Annual Statistical Chapter 1975, Chapter Ninety-Eight ,

Personal interview:

Researcher interview with Dr. Dakhil Saeed Khadr, Erbil, February 3,